زانكۆی سەڵاحەددین

كۆلێژی ئاداب

بەشی كۆمەڵناسی

# كۆمەڵناسی دانیشتوان

قۆناغی سێیەم

كۆرسی دووەم

---


مامۆستای بابەت

م. ی. روستم صابر مصطفى

rostam.mustafa@su.edu.krd

## بەشی یەکەم/ دیاریکردنی چەمکەکان و ڕەنگدانەوەی گرفتە دانیشتوانییەکان

- باسی یەکەم: دیاریکردنی چەمکەکان
- دانیشتوانناسی

**لقێکە لە لقەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان و توێژینەوە لەسەر گروپە مرۆڤایەتییەکان دەکات لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، واتا ژمارە و چوێنیەتی دابەشبوون و زانینی تایبەتمەندییەکانی وەکو زمان و ئایین و پێکهاتەی نێر و مێ و ئاستی خوێندەواری و جۆری پیشە..هتد و ئەو گۆرانکاریانەی بەسەریان دا دێت بەهۆی لە دایکبوون و مردن و کۆچکردنەوە لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا**

- لە هەندێك سەرچاوەی تردا لە بارەی پێناسەی دانیشتوانناسیەوە هاتووە:

توێژینەوەی زانستی شیکاری بەراوردکارییە بۆ زانینی ئەوەی کە هەیە لە بارەی چەندایەتی و چۆنایەتی گروپێکی مرۆییەوە نەك بۆ ئەوەی کە دەبێ بەپێی هەندێك خەملاندن و مەزەندەکاری هەبێ یان بە فەرمان و بریاری سیاسی یان تاکە کەسی ببێ

# (Sociology of Population) کۆمەڵناسی دانیشتوان

- دوای فراوان بوونی کۆمەڵناسی گشتی، کەڵەکەبوونی زانست و زانیارییەکی زۆر لەسەر بابەتەکانی لقی جیاجیا بە دیارکەوتن لە چوار چێوەی کۆمەڵناسی گشتییدا بەپێی هەوڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاستی گرنگیدانیان بە هەر بابەتێک لەناو بابەتەکانی کۆمەڵناسی دا وەکو (لادێیی، شارنشینی، ئابووری، پیشەسازی، مەعریفەو....هتد).
- کۆمەڵناسی دانیشتوان، بریتییە لەو لقە زانستییەی کە توێژینەوە لەسەر دیاردە دانیشتوانییەکان دەکات، بە تێگەیشتن و شیکارییەکی قووڵ لەو پەیوەندیانەی کە ئەم دیاردانە بەیەکەوە دەبەستنەوە و، لێکدانەوەی ئەم دیاردە دانیشتوانە لە ژێر ڕۆشنایی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، کولتوور، پێوەر، بەها، ڕۆڵ، شوێن، چین، خێزان و هتد ئەنجامدەدرێت.
- یەکێک لەو بوارە گرنگانەش خودی گرووپە مرۆییەکان خۆیان بوو لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و شێوازی گۆڕانی گەشەکردنیانەوە، بەتایبەتی کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، وەکو خووڕەوشت و دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان،
- یان کاریگەری پێکهاتەی یەکە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو خێزانی گەورە و بنەماڵە و تایەفە و تیرە و خێڵ و هۆز و...هتد، هەموو ئەمانە لەسەر پێکهاتە و قەبارەی خودی گرووپە مرۆییەکان خۆیان.
- بۆیە لە ناو کۆمەڵناسی گشتییدا لقێکی نوێ سەری هەڵدا بەناوی کۆمەڵناسی دانیشتوان. بۆ تاوتوێکردن و قوڵبونەوە و پشکنینی ئەو کارلێکەی نێوان ئەم دوو بوارە، واتە کۆمەڵناسی دانیشتوان لقێکە لە لقەکانی کۆمەڵناسی گشتی؛ توێژینەوە لەسەر کاریگەیی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر دیاردە دانیشتوانیەکان دەکات، وەکو پێکهاتە و قەبارە و دابەشبوون و چڕی و ڕەوکردن و.. .... هتد.
- یان کۆمەڵناسی دانیشتوان بە دوای پشکنینی پەیوەندی و کارلێکی نێوان فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردە دانیشتوانییەکاندا دەگەڕێت، ئەمەش جیاوازە لە ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان لە گۆشەنیگایەکی ترەوە سەیری دیاردە دانیشتوانییەکان دەکات.

# ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان: (Anthropology of Population)

- ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان بە یەکێک لە لقە گرنگ و تازەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا دادەنرێت، ئەگەرچی دەکرێت بە لقێکی گرنگی دانیشتواناسیشی دابنێین، بە هۆی ئەو گرنگیپێدان و نوسینە زۆرەی لەسەر بابەتە دانیشتوانییەکان ئەنجام دراوە و دەدرێت لە ناوەندەکانی توێژینەوەدا یان لەسەر ئاستی زانکۆ بە ناوبانگەکانی جیهاندا، دانیشتواناسیش لە بابەتە ئەنترۆپۆلۆژیەکاندا قووڵ بۆتەوە.
- سەدان هەزار ساڵە رەگەزی مرۆیی (هۆمۆ) لەسەر زەویدا دەژیت، رەگەزی مرۆڤی ژیریش زیاتر لە چل هەزار ساڵە پەیدا بووە، ئەوەی جێگای گومان نیە ئەوەیە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ پڕ بووە لە مەترسی و نەهامەتی و کارەساتە کتوپڕەکان و برسیەتی و نەخۆشی و قاتوقڕی کە نەیهێشتووە قەبارەی گرووپە مرۆییەکان زۆر ببێت، تا ئەو ئاستە زیادیان کردووە ڕەوشە بایۆلۆژی و ژینگەییەکەیان رێگای پێداون، بۆیە تا کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدە کۆی ژمارەی مرۆڤەکان لەسەر گۆی زەویدا نەگەیشتە یەک ملیارد کەس.
- مێژوونوسان و مرۆڤناسانی بواری توێژینەوە شارستانییەکان و مرۆڤناسە ئارکیۆلۆژیستەکان خۆیان بۆ توێژینەوەی مەیدانی تەرخان کردووە لەسەر دانیشتوانی کۆمەڵگای مرۆیی، دیارە ئاستەنگ و کۆسپەکانی بەردەم توێژینەوە دانیشتوانییەکانیش بەپێی گرفتی توێژینەوەکانییان جیاوازن، بێگومان گەورەترین ئاستەنگ لە توێژینەوە لەسەر گرووپە مرۆییە دێرینەکاندا دێتە پێش بەهۆی نەبوونی داتا و زانیاری بە تایبەتی لە ڕووی ئامارییەوە لەسەر ئەم گروپانە،
- بۆیە ڕێباز و شێوازی باو لە توێژینەوەی زانستی ئارکیۆلۆژی ئەم گروپانەدا،پشت بەستانە بە دووبارە پێکهێنانەوەی ڕاستییەکان لە سیستەمێکی تیۆریدا، بێگومان بەشێکی زۆری ئەم دووبارە پێکهێنانەوەیەش پشت بە مەزەندەکردن و خەملاندن و دەرئەنجامی لۆژیکی دەبەستێت.

- مرۆڤناسی دانیشتوان توێژینەوە لەسەر تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و ئەوەی پەیوەستە بە وەچەخستنەوە و بەرهەمهێنانی نمونەی جۆرەوە (انتاج النوع) دەکات، وەکو بوونەوەرێکی سروشتی بۆ مرۆڤ دەڕوانێت،لە زنجیرەی پەرەسەندنییدا چ گۆڕانێک بەسەر باری بەرهەمهێنانی نەوەوە بەسەریدا هاتووە، پرۆسەکانی بە مرۆڤبوونی مرۆڤ چ کاریگەرییەکیان داناوە لەسەر چۆنیەتی وەچەخستنەوە و چەندایەتییەکەی بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم ئاژەڵانیتردا، یان لەگەڵ زنجیرەی پەرەسەندنی تەواوی ئاژەڵاندا

- ، لە ناو ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتواندا، توێژەران و زانایانی بوارەکە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە پەیوەندی نێوان وەچەخستنەوە و پەرەسەندن پەیوەندییەکی پێچەوانەیە، لەو زنجیرەیە هەتا بۆ خوارەوە بڕۆین ئاستی چەندایەتی بەرزتر دەبێتەوە بەپێچەوانەوەش تا بۆسەرەوە بڕۆین کەمتر دەبێتەوە، ئەمە لە هەندێک توێژینەوە و نوسینیتردا بە زانستی بۆماوەیی دانیشتوانی ناو دەبرێت.

- ئەم لقە زانستییە لە بنەڕەتدا، توێژینەوە لەسەر دابەشبوون و گواستنەوە و گۆڕانکارییەکانی خەسڵەت و تایبەتمەندییە بۆماوەییەکان دەکات، لێرەدا بۆ ماوەیی دانیشتوانی جیاوازە لە بۆماوەیی مرۆیی کە توێژینەوە لەسەر خەسڵەتە بۆماوەییەکان دەکات، بۆماوەیی دانیشتوانی توێژینەوە لە سەر دابەشبوون و گواستنەوەی خەسڵەتە بۆماوەییەکان دەکات لە ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤدا، ئەوەی تایبەتە بە خەسڵەتی بۆماوەیی مرۆییەوە دواتر چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێیت جگە لەوەی خۆی ئەم خەسڵەتانەی لە ئەنجامی پەرەسەندن و گەشەکردنەوە لە قۆناغەکانی پێشووتردا وەری گرتووە،

- بۆ نمونە ئەو گرفتە سۆزداریانەی کە پەیوەندیان بە لایەنی دەروونی مرۆڤەکانەوە هەیە و لە ئەنجامی جەنجاڵی و زۆربوونی دانیشتوانەوە درووست دەبن،چ رەنگدانەوەیەکی جەستەییان دەبێت و دواتر چ کاریگەریەک دەخەنە سەر نەوەکانی ئاینده .

- لێرەدا توێژینەوە لەم خەسڵەتانە تەواو مانای مرۆڤناسی دانیشتوان دەگەیەنێت، چۆن مرۆڤناسی سروشتی توێژینەوە لەسەر تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی مرۆڤ دەکات و بەراوردی دەکات بە مرۆڤی دێرین و لە دوای پێکهاتن ئەرکی هەمان ئەو ئەندامانە دەگۆڕێت، مرۆڤناسی دانیشتوانیش ئەوەی لە مرۆڤدا هەیە بەراوردی دەکات بە زنجیرە ئاژەلانیتر لە بارەی چەندایەتی و چۆنایەتی زاوزێ و وەچەخستنەوە و پێکەوە ژیان و بزاوتی دانیشتوانی و جوگرافی و...هتد.

# باسی دووەم: گرفتە دانیشتوانییەکان

- بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکان دوو توخم و ڕەگەزی گەورەی وزە و هێزە بنچینەییەکان لە خۆ دەگرن، ئەوانەش بریتیین لە زەوی و دانیشتوان، بەڵام یەکێک لە ماک و نیشانەکانی هەندێک لەم کۆمەلگایانە کە داهاتێکی نزمیان هەیە؛ خراپ بەکارهێنان و سوود وەرنەگرتن لە تواناکانی زەوی و پشتگوێ خستنی دانیشتوانە، بە پشتگوێ خستنی دانیشتوانیش سەرەتای گرفتەکانیتری کۆمەڵگا دەست پێ دەکات
- لێرەدا مەبەست لە گرفتەکانیتری کۆمەڵگا، هەموو ئەو گرفتانەیە پەیوەستن بە لایەنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و...هتد بەڵام دەمانەوێت باسی ئەو گرفتانە بکەین کە لە دیاردە دانیشتوانییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووەو بەهۆی قەبارە و پێکهاتە و دابەشبوون و چڕیەوە درووست بوون.
- پێناسە و ڕەنگدانەوەی گرفتە دانیشتوانییەکان
- مەبەست لە گرفتی دانیشتوانی ئەو بۆشاییەیە کە دەکەوێتە نێوان چونیەتی دابەشبوون و پێکهاتە و ئاستی گەشەگردنی دانیشتوانەوە لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی سەرچاوەکانی داهاتی کۆمەڵگە، واتە بەهۆی دابەزینی خێرای ڕێژەی مردن یان بەردەوامی بەرزی لە دایک بوون و ناهاوسەنگی دابەشبوون و پێکهاتەی دانیشتوان لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و..... تاد. ئەم بارەش ڕەنگدانەوەی فرە لایەنی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەدا دروست دەکات.

# ڕەنگدانەوەی گرفتە دانیشتوانییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا

١-زۆربوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوان یەکێکە لەو گرفتانەی گەلانی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکای باشور و ئەفریقا)ی هەراسان کردووە هەر ئەم گرفتەش سەرچاوەی بەشێکی زۆری گرفتەکانیتری ئەم کۆمەڵگایانەیە، چونکە زۆربوونی دانیشتوان لە بەهای تەواوی پەرسەندنەکانی بوارەکانیتری لەڕووی خۆراک و پیشەسازی و زانست و کۆمەڵایەتیەوە کەم دەکاتەوە، لەبەرئەوەی پەرەسەندن لەم بوارانەدا بە زۆربوونی دانیشتوان ڕاناگەن.

٢- ڕەنگدانەوەی ئەم گرفتانە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە لە بواری گران بوونی ئەرکەکانی خێزان بۆ بەخێوکردن دەردەکەوێت، وەکو لاواز بوونی کۆنترۆل کردنی خێزان و بەرز بوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی شیرازەی ڕێکخستنی خێزان و پەرتەوازە بوون.

٣- بڵاوبوونەوەی هەندێک دابونەریت و کار و ڕەفتاری لادەرانە بەتایبەتی لەناو توێژی منالان و مێردمندال و هەرزەکار و تەمەنی خوار (٣٠) ساڵاندا؛ بەهۆی زۆربوونی ژمارەیان و پێرانەگەیشتنی کۆمەڵگا بە جێبەجێکردن و دابینکردنی پێویستییەکان، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا بەهۆی گەشەکردنی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و تێکەڵاوی کۆمەڵگەکانەوە ئاستی داخوازی ئەم توێژە بەرزبۆتەوە.

٤- کەموکوڕی لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی و زانستی.

٥- کەموکوڕی لە خزمەتگوزاری تەندروستی و پاک و خاوێنی ژینگە و جوانکاری ژینگەی شارەکان؛ بەهۆی کەمهێنانی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان وەک ئاو و ئاوەڕۆ و شوێنی سەوز و ڕوناکی. ... تاد. بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان.

٦- ڕەنگ دانەوەی گرفتە دانیشتوانییەکان لەڕووی ئابووری وەک دابونەریتی داهات و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەوکردن و دابەزینی چۆنایەتی کار.

# بەشی دووەم/ توێژینەوە دانیشتوانییەکان و سەرچاوەکانی زانیاری

**<u>مەبەست لە توێژینەوە دانیشتوانییەکان:-</u>**

**بریتیین لەو توێژینەوانەی کە بابەتی دیاردە دانیشتوانییەکان دەکەنە گرفتی بنەرەتی لێرامان و لێکدانەوەکانییان و بەدوای شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێن کە پەیوەستن بە خودی دانیشتوان و گۆرانکاریەکانی و ئەو گرفتانەی لەم گۆرانکاریانەوە دروست دەبن.**

## جۆرەکانی توێژینەوە دانیشتوانییەکان:-

١- توێژینەوەی پێزانین و بەدەرخستن:- بریتین لە توێژینەوەی دەستپێک و بەرایی بۆ توێژینەوەی قوڵتر، کاتێک توێژەر هەست دەکات زانیارییەکانی لەسەر بابەتە دانیشتوانییەکە بۆ دارشتنی توێژینەوەیەکی قوڵتر و تێر و تەسەل کەمن، بۆیە لەسەرەتادا ڕەهەندە دانیشتوانییەکان دیاری دەکات و هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە بە (چی) دەست پێ دەکەن، بۆیە ئەم جۆرەی توێژینەوە دانیشتوانییەکان زیاتر سەرقاڵی ڕوونکردنەوەی چیەتی دیاردەکەن.

٢- توێژینەوەی وەسفی:- لەم توێژینەوەیەدا توێژەر خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دیوی دەرەوەی دیاردە دانیشتوانییەکان لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتیەوە دەخاتەڕوو، باس لە هەموو ئەو لایەنانە دەکات کە پەیوەندییان بە دیاردەکەوە هەیە نەک هۆکارەکانی دروستبوونی دیاردەکە و ئاسەوارەکانی، بۆیە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە بە (چۆن) دەست پێدەکەن، بۆنمونە ڕەنگی پێست و قژ و بنەچە و دابەشبوونی گرووپە مرۆییەکان لەو ڕووبەرەدا چۆنە.

٣- توێژینەوەی دەستنیشانکردن:- جەخت لەسەر ئەو هۆکارانە دەکات کە لە بنچینەدا هۆکاری دروستبوونی دیاردەکەن، ئەگەر نەخۆشییەکی دیاریکراو بێت بۆ کەمبوونەوەی دانیشتوان، یان دابونەریت و بیروباوەڕ و یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراو بێت بۆ هەر دیاردەیەکی دانیشتوانی، لە ڕێگەی دانانی چەند گریمانەیەکەوە دواتر سەلماندیان و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە بە (بۆ) دەست پێدەکەن یان بۆچی دیاردەکە دروست بووە؟ بۆیە ئەو هۆکارانە دەستنیشان دەکات کە بوونەتەهۆی دروستبوونی دیاردەکە، ئیتر بە ئاسانی ڕێگا چارەکانیشی دەدۆزرێتەوە.

٤- توێژینەوەی هەڵسەنگاندن:- بۆ بەدواداچوونی ئاستی سەرکەوتویی و سەنەکەوتنی بەرنامە و پلان و پرۆژە دانیشتوانییەکان و پەرەپێدانی کۆمەڵگە خزمەتگوزاری بوارێك لە بوارەکانی کۆمەڵگا دەردەخەن، بۆ نمونە وەکو بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزان یان گەورەبوونی شارەکان واتە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کەبە (چەند) یان (تاچەند) دەست پێ دەکەن. واتە تاچەند ئەو پرۆژانە سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە.

# گرنگی توێژینەوە دانیشتوانییەکان بریتیە لە:-

- ١- توێژینەوە دانیشتوانییەکان یارمەتی تێگەیشتنی ڕاستیمان دەدەن لە کۆمەڵگە کە خۆی لە ڕاستیدا چۆنە لە ڕووی پێکهاتە و قەبارە و دابەشبون و دیاردە دانیشتوانییەکانیترەوە.
- ٢- لەبەر ئەوەی توێژینەوە دانیشتوانییەکان لە ڕێگەی ژمارە و ڕێژە و هەژمارکردنەوە زانیارییەکانیان کۆدەکەنەوە و شیاندەکەنەوە سروشتێکی ئاماریان هەیە بۆیە دەرەنجامێکی زۆر نزیک لە ڕاستیان هەیە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ پرۆژە و بەرنامەی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان.
- ٣- لە ڕێگەی توێژینەوە دانیشتوانییەکانەوە خاڵە لاواز و کەم و کورتییەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکرێن، هەروەها ئاستی بە زانستی بوونی پلانی ڕیفۆرمی کۆمەلایەتی ڕوون دەکرێتەوە.
- ٤- توێژینەوە دانیشتوانییەکان ڕۆلێکی گرنگیان هەیە نەک هەر لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگە بەڵکو لە پێشبینی کردنی ئەو گرفتانەی لە ئایندەشدا ڕوودەدەن.

٥- لە بواری بازرگانی و بەرهەمهێنانیشدا؛ زانیاری و دەرئەنجامی توێژینەوە دانیشتوانییەکان گرنگی و بایەخی تایبەتیان هەیە چ بۆ چالاککردنی بزاوتی بازرگانی یان هاندانی بەرهەمهێنان.

# هۆکارەکانی پەرەسەندنی توێژینەوە دانیشتوانییەکان

١- پێویستیەکانی شەڕ و خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ؛ لە کۆمەڵگاکاندا هەلومەرجی ئەوەی هێنایە پێشەوە کە بەرپرسان بیرێک لە هێزی مرۆیی و توانای ئابوری خۆیان بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستانە پێویستیان بە سەرژمێری و جیاکردنەوەی ڕەگەز و تەمەنە جیاوازەکان هەبوو، کە ئەمەش بەیەکەمین سەرچاوەی زانیاری دادەنرێت بۆ توێژینەوە دانیشتوانییەکان.

٢- گەشەکردنی خێرا و زۆربوونی پر مەترسی دانیشتوان لە هەردوو سەدەی (١٨) و (١٩) کە بووەهۆی بەدەر کەوتنی چەندین تیۆر و بیروبۆچونی دژ بە یەک لە بارەی ئایندەی کۆمەڵگەی مرۆیی و مەترسیەکانیەوە بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان.

٣- هەستکردن بە هەبوونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان دانیشتوان و ژینگە و پەرەپێدان.

٤- پەرەسەندنی زانستەکانی بایەلۆژی و مرۆڤناسی و ئەنپرۆپۆمیتری(پێوانەی مرۆیی) تایبەت بە نەژادو و ڕەگەزە مرۆییەکان وەکو (مەغۆل و قەوقاز و زنجی) جیاوازیەکانیان لەڕووی پێکهاتەی جەستەییەوە کە بووەهۆی کەڵەکەبوونی زانیاری زیاتر لەسەر پێکهاتە و چۆنیەتی دانیشتوان.

٥- گەشەکردنی زانستی ئامار و لەبەردەستدابونی زانیاری دامەزراو لەسەر ژمارە و بەراوردکردن و جیاوازی رەگەز و تەمەن... هتد، لە کۆمەڵگاکاندا ئەمەش بووەهۆی ئاسانکاری لە ئەنجامدانی توێژینەوە دانیشتوانییەکاندا.

٦- شۆرشی پیشەسازی و پەیدابوونی کەرەستە و ئامێری تەکنەلۆژی نوێ بۆ تۆمارکردن و وێنەگرتن و پێوانە و ئاسانی هاتوچۆ و تێکەڵاوی کە کاری توێژینەوە دانیشتوانییەکانی خێراتر و ئاسانتر کرد.

٧- بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک و هەستکردن بە گرنگی توێژینەوەی زانست و پشت بەستن بە شیکردنەوەی داتاکان بۆ چارەسەری گرفتەکانیان، ئەمەش بوو بە پاڵنەرێک بۆ زیاتر توێژینەوەی دانیشتوانی لە قەبارە و پێکهاتە و دیاردە دانیشتوانییەکانیتر هەتا لە رێگەی پلانی زانستیەوە و لەسەر ئەو زانیارییانە گرفتەکانیان چارەسەر بکەن.

٨- بە یاسایی و زانستی بونی دام و دەزگاکانی بەرێوەبردن و بۆ ئەمەش پێویستی بە توێژینەوەی وردو زانستی هەبوو لەسەر دانیشتوان.

٩- یارمەتیدانی ڕێکخراوە فەرمی و ناحکومیەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەکو کۆمەڵەی گەلان (الامم المتحدە) دواتر نەتەوە یەککگرتووەکان ئەوانەی پەیوەندییان بە گەشەپێدانی مرۆییەوە هەبوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دانیشتوانی و کۆکردنەوەی زانیاری.

# باسی دووەم: سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر دانیشتوان

**سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر دانیشتوان**

- **نەگۆرەکان**
  - (سەرژمێری گشتی)
  - (ڕووپێوی دانیشتوان)
- **گۆڕاوەکان**
  - (تۆمارکردنی ژیانداری)
  - (ئامارکردنی ڕەوکردن)

# سەرەتایەک لە بارەی سەرچاوەکانی زانیاری

- سەرەتاکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە چەندایەتی و چۆنایەتی گروپەکەی، یان کۆمەڵە و کۆمەڵگاکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە و بۆچی مرۆڤ ئاوڕی لەم بوارە داوەتەوە؟؟ بە نیازی چی دەستی داوەتە ئامارکردن و ژماردنی تاکەکانی، ئایا ئەمە هەنگاوێکی پێشکەوتن و نیشانەیەکی پەرەسەندنی مرۆڤەکان نەبووە؟ دواتر ئەم بیرکردنەوە و بە پراکتیکردنە چۆن دەستی پێکردووە و بە ئەنجام گەیشتووە؟ لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی سەر ژیانی کۆمەڵگاکاندا ئەم پرۆسەیە چۆن گەشەی کردووە و مرۆڤەکان چ گۆڕانکارییەکیان لە خودی سەرژمێری و ئامارکردن و تۆمارکردنی لە دایک بوون و مردنەکاندا درووست کردووە؟ ئەمە چ پێویستیەکی ژیانداری کۆمەڵگاکانی دابینکردووە؟
- ئایا دەکرێت تا ئێستاش ئەم پرۆسەیە بە نیشانە و ئاماژەکارێکی پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگاکان لەقەڵەم بدەین؟ دەکرێ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە یان ئەمە وەکو ئاراستەیەکی بیرکردنەوە و توێژینەوە بخرێتە بەر باس و لێکدانەوە.

❖جگە لەمەش ڕەوشی ئێستای ئەم پرۆسەیە و جۆرەکانی سەرچاوەکانی زانیاری و دواتر سوود وەرگرتن لەو زانیارییانە و ئەنجامدانی توێژینەوە لە بەر رۆشنایی زانیارییەکاندا بە کوێ گەیشتووە؟ کۆمەڵناسی دانیشتوان و ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان دەبێ لە کام گۆشەنیگاوە سەیری پەرەسەندنی بوارەکانی زانیاری و چۆنیەتی تۆمارکردنیان بکات، ئەمانە چ پەیوەندیان بە بابەتەکانی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی لەلایەک و بابەتەکانی دانیشتواناسی هەیە لەلایەکیتر؟؟

❖مرۆڤەکان کەی هەوڵیانداوە چەندایەتی و چۆنایەتی دانیشتوانی خۆیان بزانن؟. هەوڵی سەرژمێریکردنی دانیشتوان لای مرۆڤ بە تایبەتی لای سەرکردەکان هەوڵێکی کۆنە بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ رووبەرووبوونەوەی مەترسییەکان یان پەلاماردانی گرووپە مرۆییەکانیتر ئەم هەوڵە هاتووەتە ئاراوە،

❖یەکێک لە پادشا ڕۆمانییەکان بۆ زانینی چەندایەتی و پۆلێنکردنی تەمەنی دانیشتوان و جیاکردنەوەی نێر و مێ و بەراوردکردنی لەدایکبووان و مردووان؛ بڕیاری دەرکردبوو بە گێڕانی ئاهەنگێکی ساڵانە و پێویستی کردبوو لەسەر هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاکە لەو ئاهەنگەدا بڕە پارەیەکی دیاریکراو بخەنە سەندوقێکەوە، بەڵام ئەو بڕە بۆ منالان دراوێکی تایبەت و بۆ ژن و پیاو دراوێکی جیاواز و بۆ ئەوانەی لەو ساتەدا لەدایک بوون دراوێک و دراوێکیتر بۆ ئەوانەی مردوون، کەس و کارەکەیان جۆر و بڕێکیتری پارە بیخەنە سەندوقێکەوە، دواتر بە هەژمارکردنی برو جۆری دراوەکان، چەندایەتی و پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزی دانیشتوان و رێژەی مردن و لەدایکبوون لە کۆمەڵگاکەدا بەدەردەکەوت،دواتر بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان؛ چۆنیەتی ئامار و سەرژمێری و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

# جۆرەکانی سەرچاوی زانیاری لەسەر دانیشتوان (پێناسەکانی)

**یەکەم:** سەرچاوە نەگۆڕەکانی زانیاری:- بریتیین لەو سەرچاوانەی کە قەبارە و پێکهاتە و دابەشبون و چەندین وردەکاریتری سەر دانیشتوانییان تێدایە وەکو سەرژمێری گشتی و ڕووپێوی دانیشتوانی.

**دووەم:** سەرچاوە گۆڕاوەکانی زانیاری:- بریتیین لەو جۆرە زانیاریانەی لە هەر کۆمەلگەیەکدا ڕۆژانە گۆڕانیان بەسەردادێت وەکو تۆمارکردنی ژیانداری و ئاماری ڕەوکردن.

## سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر دانیشتوان بۆ **دوو جۆر** دابەش دەکرێت

**یەکەم: سەرچاوە نەگۆڕەکانی زانیاری:-**

**A- سەرژمێری گشتی:**

- سەرژمێری گشتی:- بریتییە لە پرۆسەیەکی هەژمارکردنی گشتی و خولاو بۆ کۆکردنەوە و ئامادەکردن و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی زانیارییە بایەلۆژی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە هەر تاکێک لە وڵاتێک یان هەرێمێکی دیاریکراو وەکو تەمەن و پیشەو ئاستی خوێندەواری و شوێن و ساڵی لە دایکبوون و نیشتەجێبوونی باری خێزانداری و زمان و ئایین و قەبارەی خێزان و ...هتد ئەو زانیاریانەی کە پلان دانەران پێویستیان پێی هەیە.
- ئەو سەرژمێریە گشتییەی بە شێوەی فۆرمی خێزانی و پۆلێن کردنی زانیارییەکان ئەنجام درابێت، لە چارەکی یەکەمی سەدەی هەژدەوە دەستی پێکردووە یەکەم سەرژمێری لە بروسیا واتە ئەڵمانیای ئێستا لە ساڵی (١٧٢٥) دواتر لە فنلەندا لە ساڵی (١٧٤٩) و لە سوید لە ساڵی (١٧٥٠) ئەنجام دراوە و دواتر لە ئەمریکا لە ساڵی (١٧٨٠) و لە فەرەنسا و بەریتانیا و نەرویج لە سالی (١٨٠١).

# سەرژمێری لە عێراق

- لە عێراق یەکەم سەرژمێری لەو جۆرە لە ساڵی (١٩٤٧) ئەنجام دراوە، ئەگەر چی لە سالی (١٩٢٧) و (١٩٣٥)یش هەوڵێک لە ئارادابوو بۆ سەرژمێرکردنی دانیشتوانی عێراق بە گشتی، بەڵام ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون، ئەوەی لە (١٩٤٧) ئەنجام درا و بریار وابوو ئیتر هەر (١٠) ساڵ جارێک سەرژمێری لە عێراقدا بکرێت، بۆیە لەسالەکانی (١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧ و ١٩٨٧) سەرژمێری لە عێراقدا بە کوردستانیشەوە ئەنجام درا بەڵام سەرژمێری (١٩٩٧) سێ شاری کوردستانی نەگرتەوە.
- جگە لە ساڵی ١٩٥٧ ئیتر لە هەموو سەرژمێریەکانیتردا ڕەوشی سیاسی و کارگێری لە عێراقدا لەوپەڕی نائارامی و نالەباریدا بووە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری،کە یەکێک لەمەرجەکانی سەرژمێری سەرکەوتوو ئارامی و لەباری ڕەوشی سیاسی و کارگێریە.
- ئەنجامدانی سەرژمێری لە ساڵی (١٩٦٥)دا خۆی نائاسایی بوو،عێراق بە یەک زنجیرە کودەتا و شەڕ و ناکۆکیدا تێدەپەڕی، جگە لەوەی لە کوردستاندا شۆڕشی ئەیلول چوار ساڵ زیاتر بوو درێژەی هەبوو،لە ساڵی (١٩٧)دا سەدان هەزار کورد ئاوارەی ئێران و وڵاتانی جیهان بوون، کە لەو سەرژمێرییەدا ناونوس نەکران.
- لە ساڵی (١٩٨٧)یشدا کە دووا سەرژمێریە لەم سێ پارێزگایەی کوردستاندا کرابێت، گوندەکانی کوردستان هەموو وێران کرابوون و جگە لە ناوەندی پارێزگاکان و شارۆچکەکان و ئەوانەی دەکەوتنە سەرجادەی قیر ئیتر تەواوی ناوچەکە بەگشتی کرابووە ناوچەی سەربازی و قەدەغەکراو و نەك هەر ناونوس نەکران، بەڵکو دواتر بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتن و ئەوانەی ڕزگاریشیان بوو کەچی لەو سەرژمێریەدا ناونوس نەکراوە

- ✓ حکومەتی ئەو کاتە لە بەغدا بە نیازی فەڕکردنی یەکجارەکی کورد بوو،کوردیش هیچ پشت وپەنایەکی نەبوو؛بۆیە حکومەتی ناوەندی لە سەرژمێری (١٩٨٧)دا بە ئارەزووی خۆی چەندی بە کورد دەنووسی و لە کوێی دەنوسی کەس نەبوو ڕەخنە بگرێت، یان بڵێت بۆچی ڕێژەی کورد لەم شارە بەم شێوە نائاساییە دابەزی؟!.
- ✓ لە ساڵی (١٩٩٧)دا بە هەمان شێوەی سەرژمێریەکانی پێشووتر سەرژمێریەک لە عێراق کرا بەڵام جگە لە کەرکوک سێ پارێزگاکەیتری کوردستانی نەگرتەوە، ئەوانەی لە کەرکوک و خانەقین و شەنگال و ناوچە بە زۆر دابراوەکانیتر ناونوس کران بە عەرەب لە قەڵەمدران.
- ✓ ئیتر لەمانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە درێژایی مێژووی عێراق لە هەموو سەرژمێریەکاندا کورد ستەمی لێکراوە و هەرگیز ژمارەی ڕاستەقینەی خۆی پیشان نەدراوە، ئەمەش گرفتێکی گەورەی بۆ درووست کردووە لە بوارەکانی وەرگرتنی پۆستە کارگێری و دیاریکردنی دارایی و بوجە و خزمەتگوزاری هەرێمەکان و دەنگدان و هەموو خزمەتگوزارییەکانیتری وەکو ڕێژەی لە سوپا و پۆلیس و ناردنە دەرەوەی قوتابی/خوێندکار و...هتد لە عێراقی فیدرالدا، چونکە هەموو ئەمانە پەیوەندیان بە سەرژمێریەوە هەیە، لەسەر بنەمای زانیارییەکانی سەرژمێری دادەنرێن.

# تایبەتمەنییەکانی سەرژمێری گشتی

١) گشتگیری:- دەبێت سەرژمێری هەموو دانیشتوانی کۆمەڵگەکە یان هەرێمە دیارکراوەکە بگرێتەوە بە بیانی و کە ئەوانەش بۆ ماوەیەکی کاتی لەوێدان.

٢) تاکگەرایی:- واتە هەژمار و ئاماری تاک تاک بەتەنیا بکرێت و زانیاریەکانی وەکو کەس لەسەر تۆمار بکرێت وەکو لەدایکبوون و باری کۆمەلایەتی و پیشە و ...هتد.

٣) خولاو:- دەبێ سەرژمێری بەپێی ماوەیەکی دیاریکراو دووبارە بکرێتەوە.

٤) هەمان کاتی و هەنوکەیی:- واتە هەموو زانیارییەکان لە یەک کاتدا تۆمار بکرێت و کۆبکرێتەوە و ماوەیان لە نێواندا نەبێت.

٥) هەرێمی دیارکراو:- پێویستە سنوری ئەنجامدانی پرۆسەکە دیاریکراو بێت.

چاودێری و ڕێنمایی حکومەت لە رووی یاسایی و دارایی و کارگێری؛ دەبێت حکومەت سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیە بکات.

# ئامانجەکانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان

- گرنگی سەرژمێری لە ئامانجە ڕاستەقینەکانی دەردەکەوێت، بۆیە هەر سەرژمێریەک ئەئەنجام دەدرێ کۆمەڵێک ئامانجی سەرەکی لەخۆ دەگرێ، کە بگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ئابوری، سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو وولاتە،
- لەو کاتەی کە سەرژمێرییەکان لە عێراق مەزەندەیی بوون، هەندێ هۆکاری سیاسی، ئابوری و کۆمەلایەتی هەبوون کە بەم شێوەیە ئەنجام بدرێ، بەڵام کە بارودۆخەکە گۆڕا شێواز و ئامانجی سەرژمێرییەکانیش فراوانتر بوون، بۆنمونە: سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ چونکە لە بارودۆخێکی سیاسی ئارام ئەنجام درا، دەرئەنجامەکەشی باوەڕپێکراو بوو لەچاو سەرژمێرییە مەزەندەییەکانی پێشتر و سەرژمێرییە یەك لەدوای یەکەکانی دواتر کە هیچیان لەبارودۆخی سیاسی لەبار ئەنجام نەدران

بۆیەش باوەرپێکراو نەبوون، بەڵگەشمان ئەوەیە کە تا ئێستاش لە عێراق ناسنامەی باری شارستانی هەر لەسەر سەرژمێری ١٩٥٧ ماوە. ئامانجەکانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان بەگشتی لەم خاڵانە دەبینرێ:

١- زانینی ژمارەی دانیشتوان و خەسڵەتەکانی و دابەشبوونی لە ڕووی ڕەگەز، تەمەن، نەتەوە، پیشە، باری کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و تەندروستی.

٢- سەرژمێری گشتی دانیشتوان، کاتی خۆی ئامانجی بۆ خزمەتی سەربازی و باج وەرگرتن بوو لە خەڵک، پاشان ئامانجەکان فراوانتربوون، وەکو زانینی هۆکارەکانی کۆچکردن و زانینی تێکڕای پیتداری ئافرەت و زانینی خەسڵەتە ئابورییەکان، واتا ئاستی گوزەرانی خەڵک.

# جۆرەكانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان

- سەرژمێری گشتی بریتییە لە سەرژمێری تیوری و كرداری، بەڵام هەندێ جار هەردوكیان بەكار دێت؛ لەكاتی پێویست بەپێی بارودۆخی كۆمەڵگاكە یان سیستەمی وولاتەكەی سەرژمێری لێ ئەنجام دەدرێ.

١- سەرژمێری تیوری: هەندێک پێی دەڵێن (سەرژمێری یاسایی): ئەوەش بریتییە لە تۆماركردنی زانیارییەكان لەسەر دانیشتوان بەپێی شوێنی جێنشینبوونی هەمیشەیی، ئەگەر كەسێك لەو خێزانە ئامادەش نەبوو هەر تۆمار دەكرێت لەگەڵ خێزانەكەی، واتا بەچاوپۆشی لەوەی كە ڕۆژی سەرژمێری لەو شوێنە ئامادەبوە، وا دیار دەكەوێ كە ئەم سەرژمێریە ڕاستییەكان پیشان دەدات.

٢- سەرژمێری كرداری: ئەمە بریتییە لە كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر دانیشتوان لەو شوێنەی كەتاكەكان ئامادەن بۆناونوس كردن، لە ڕۆژی سەرژمێری، ئەوەی ئامادە نەبێت ناونوس ناكرێ.

٣- سەرژمێری تیوری و کرداری: ئەم ڕێگایە لە کۆکردنەوەی هەردوو ڕێگای یەکەم و دووەم پێکهاتوە، واتا بەتۆمارکردنی دانیشتوانی ئەو کەسانەی کە جێنشینی ئەم شوێنەن یان لەوکاتە لەم شوێنە ئامادەن بۆ ناونوسکردن، وەک ئەوەی فۆرمی ناونوسکردن بکرێتە سێ بەش:-

لە بەشی یەکەم ئەوانە تۆمار دەکرێن کە ئامادەن لەکاتی ناونوسکردن، مانای (سەرژمێری کرداری).

لەبەشی دووەم ئەو کەسانە تۆمار دەکرێن کە بەشێوەی کاتی هاتوون لەناو ئەندامەکانی خێزان.

لەبەشی سێیەمیش ناوی ئەو کەسانە تۆمار دەکرێن کە بەشێوەی کاتی هاتوون و لەگەڵ ئەوخێزانە تۆمار دەکرێن کە لەبەشی یەکەمی فۆرمەکە تۆمار کراون. بە زیاد کردنی کەسە ئامادەکاتییەکان و دەرکردنی ژمارەی کەسە ئامادەبووەکان بەشێوەی کاتی لە ڕۆژی سەرژمێری، دەرئەنجام ژمارەی دانیشتوانی جێگیربوەکانمان دەست دەکەوێت، بەم شێوەیە سەرژمێری تیوری و کرداری لەهەمان کات ئەنجام دەدرێ.

# قۆناغەكانى ئەنجامدانى سەرژمێرى گشتى دانيشتوان

- جێبەجيكردن و ڕێكخستنى پرۆژەى سەرژمێرى گشتى پێويستى بە چەند قۆناغێک هەيە، بەپێى خشتەى كاتدار سەرەتا و كۆتايى هەر قۆناغێک دياريدەكرێت،كە ئەنجامدانى سەرژمێرى پێدا دەڕوات، قۆناغەكانيش ئەمانەن:

**يەكەم:** قۆناغى ئامادەبوون: لەم قۆناغە بودجەى تايبەتى بۆ ئەنجامدانى سەرژمێرى گشتى تەرخان دەكرێ و، نەخشە و دابەشكردنى كارەكان ديارى دەكرێ، هەروەها ديزاينى فۆڕمەكان و دەرئەنجامى ئەليكترۆنى و ئامادەكردنى ڕێبەرى دابەشبوونە كارگێڕييەكان و كەرەستەكانى ڕاهێنان و دانانى كارمەندان ئەنجام دەدرێ.

**دووەم:** قۆناغى مەيدانى: مەشق و ڕاهێنانى كارمەندان و دابەشكردنيان بەسەر ناوچەكانى كاركردن و دابينكردنى پێداويستى و كەرەستەكانى بە ژمارەكردنى ماڵەكان و گەڕەک و باڵەخانەكان.

**سێيەم:** قۆناغى كۆتايى: پيداچوونەوەى داتاكان و پۆلێن كردنيان و دەركردنى دەرئەنجامى كۆتايى لە شێوەى تۆمارگە (سجل) بۆ هەر پارێزگايەک.

**یەکەم: سەرچاوە نەگۆڕەکانی زانیاری :**

**A- سەرژمێری گشتی:**

**B- ڕووپێوی دانیشتوان:**

- بریتییە لە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی زانیاری تەواو لە سەر نموونەیەکی دانیشتوانی کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییە دانیشتوانییەکان.

- بۆنموونە/ بۆ توێژینەوە لە هەژاری کۆمەڵگە لە نێوان دوو سەرژمێری گشتییدا پێویستە لە ڕێگەی ڕووپێوی دانیشتوانەوە بە وەرگرتنی نموونە و پشت بەستان بە پێوەرەکانی هەژاری مرۆیی وەکو ئاستی زانستی و خزمەتگوزاری تەندروستی و ژێرخانی کۆمەڵگە و باری ژیان و شوێنی نیشتەجێبوون و ژینگەی نیشتەجێبوون و باری ئابووری خێزان، بە دیاریکردنی ئاستی داهاتی تاکە کەس (ڕۆژانە یا مانگانە یا ساڵانە) بەمەش ئاستی بێبەشی کۆمەڵگەکەی بۆ بەدەردەکەوێت.

- لەم بوارەدا دەکرێت ئاماژە بە توێژینەوەیەک بکەین، وەک ئەو توێژینەوەی لەساڵی (٢٠٠٧)کە لە عێراق ئەنجام دراوە (٢١٠٠٠) خێزانی وەرگرتووە لە سەرانسەری عیراقدا کە ڕێژەی بێکاری (٢٥%) و ئاستی ڕاوەستانی پڕۆژەکانی بەرهەمهێنان (٩٠%)، جگە لە چەندین زانیاریتر لەسەر گۆڕاوە دانیشتوانییەکان و پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاکەوە.

## دووەم: سەرچاوە گۆڕاوەکانی زانیاری

A- ئامارکردنی ژیانداری یان تۆمارکردنی ژیانداری:

- بریتییە لەسیستەمێکی حکومی و رێکخراوەیی لە شێوەی فەرمانگە و دامەزراوە و نوسینگەی فەرمیدا بۆتۆمارکردن و ناونوسکردنی لەدایکبوون و مردن و گرێبەستی هاوسەرگیری و جیابوونەوە و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژانەی سەردانیشتوان.
- گرنگی ئەم جۆرە نوسینگانە ئەوەیە کە بەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر دانیشتوان و گۆڕانکارییەکانی ساڵانەیی، هەروەها پێوانەی ئاستی گۆڕانکارییەکانمان دەداتێ لەنێوان دوو ماوەی مێژوویی دیاریکراودا، بەڵام سەرەڕای گرنگی تۆمارکردنی ژیانداری هێشتا لە بەشێکی کۆمەڵگا دواکەوتوەکانی وەکو ئەفریقا و ئاسیا و هەندێ شوێنیتر گرنگی و بایەخێکی زۆری پێ نادرێت و تارادەیەک گۆڕانکارییەکانی ڕۆژانەی دانیشتوان پشتگوێ دەخرێن
- کەچی لەهەندێ کۆمەڵگایتردا بە لەدایکبوونی هەر منداڵێک بەتایبەتی لە کاتی گەیشتن بە ژمارەیەکی بەرز و دیاریکراو ژمارەی دانیشتوانی کۆمەڵگەکە لەلایەن بەرپرسە باڵاکانەوە ڕادەگەیەنرێت وەکو ئەوەی لە چیندا خودی سەرۆکی چین خۆی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی لە دایک بوون بە دیار منالێکی تازە لە دایک بووەوە راوەستابوو گوتی بە لەدایک بوونی ئەم منالە ژمارەی دانیشتوانی چین گەیشتە یەک ملیار و سێ سەد ملیۆن کەس.

- به گشتی مەبەست لە تۆمارکردنی ژیانداری نوسینی رۆژانەی گۆرانکارییەکانی دانیشتوائە لە ڕووی زۆربوونی سروشتیەوە، واتە ئەو زیادبوونەی لە ئەنجامی بەرزی رێژەی دانیشتوانەوە دەکەوێتەوە بە بەراورد لەگەڵ رێژەی مردن لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەمەش هەموو ئەو واقع و ڕاستی و رووداوە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە ژیانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە و کاریگەرییان لەسەر ئیستای.
- یا ئایندەی دیاردە دانیشتوانییەکانی ئەو شوێنە دەبێت وەکو لە دایک بوون و مردن و تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری و جیابوونەوەی ژن ومێردەکان و....هتد، هەموو ئەو رووداوانەش بە ووردی لە تۆماری تایبەتی داموودەزگایەکی فەرمی تایبەت بەم بوارەدا تۆمار دەکرێن.
- ئەم دامودەزگایەش لە هەندێک وڵاتدا بە فەرمانگەی تۆماری ژیانداری و لە هەندێکیتردا بە فەرمانگەی باری شارستانی ناسراوە، واتە پرۆسەی ئامارکردنی ژیانداری بریتییە لەسیستەمێکی حکومی و رێکخراوەیی لەشێوەی نوسینگەی فەرمیدا کاردەکات بۆتۆمار کردنی گۆرانکارییەکانی رۆژانەی سەر دانیشتوان.

# دووەم: سەرچاوە گۆڕاوەکانی زانیاری

**دووەم: سەرچاوە گۆڕاوەکانی زانیاری**

A- ئامارکردنی ژیانداری یان تۆمارکردنی ژیانداری

B- ئامارکردنی ڕەوکردن

- ئەم بابەتە وەکو سەرچاوەیەکی گۆڕاوی زانیارییەکان بریتییە لە تۆمارکردن و هەژمارکردن و دەرکردنی ڕێژەی ئەوانەی ڕەو دەکەن، ئینجا چ بە ڕێگای ڕاستەوخۆ یان بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ وەکو زیادەی ژیانداری یان مەزەندەکردنی (تخمین) بە ڕێژەی ئەگەری مانەوە.
- کە ئەمەی دوواییان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و لێکدانەوەی زۆری دەوێت، بە ئەنجامدانی بە دووداچوون بۆ ئەو نەوانەی لە ساڵێکی دیاریکراودا لەدایکبوون و ئەگەری مانەوەیان چەندە، ئەگەر لەو ئەگەرە زیاتر بوو دەکرێت بە هاتووان تەخمین بکرێت، یان بە پێچەوانەوە ئەگەر لە ئەگەری مانەوە کەمتربوو دەکرێت بە ڕەوکردن بۆ دەرەوەی شارەکە بدرێتە قەڵەم.

## بەشی سێیەم/ تیۆرە دانیشتوانییەکان

**یەکەم: تیۆری دانیشتوانی لای ئیبن خەلدون (١٣٣٢-١٤٠٦).**

- (ئەبو زەید عبدالرحمن ئیبن خەلدون) لە تونس ساڵی (١٣٣٢) لەدایکبووە لەخێزانێکی شاری (حەزرەموت)، شارەزایی سیاسی بەرزی هەبووە لە ئەنجامی وەرگرتنی پلەوپایە بەرزە جۆراوجۆرەکانی حکومەت لە ئەندەڵس و باکوری ئەفریقا. دوایین پۆستی سەرۆکی دادوەران بوو، لەساڵی (١٤٠٦) کۆچی دوایی کرد کە تەمەنی نزیک (٧٤) ساڵ بوو، ئیبن خەلدون کاریگەری زێڕی هەبووە لەنێو بیرمەندانی کۆمەڵایەتی و کۆمەلناسەکان، بیرۆکەکان و بۆچونەکانی گەیشتە ناو بیرمەندە ئەوروپاییەکانیش.
- ئیبن خەلدون لە سەرەتای ئەو زانایانە بوو کە باسی پەیوەندی نێوان دانیشتوان و پەرەپێدانی کردوە بەشێوەیەکی وورد و تێروتەسەل.
- لە پێشەکییە بەناوبانگەکەی (مقدمة ابن خلدون) دەڵێ: (خۆشگوزەرانی خەڵك هێزی دەوڵەت زیاتر دەکات لەسەر هێزی خۆی، چونکە لە ژیانی خۆشگوزەرانیدا هاوسەرگیری زۆر ئەنجام دەدرێ و ڕێژەی منداڵبوون زۆر دەبێت).

- هەروەها دەڵێ: (توانای تاکە کەسێک ناتەواوە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی لە خۆراک ئەگەر کەمترین ئەرکمان لەسەر سەپاند، ئەویش دابینکردنی خۆراکی ڕۆژێکە لە گەنم، دەستی ناکەوێت تا ئەم گەنمە نەهاڕی و نەیکاتە هەویر و نەیکاتە نان، ئەم سێ کردارە قاپ و قاچاخ و کەرستەی دەوێ، ئەم کەرستانەش بەبێ بوونی پیشەسازی دروست ناکرێن.
- لەهەمان کات ئەگەر ویستی دانەویڵەی دەست کەوێت ئەویش پەنابردنە بۆ کشتوکاڵ بۆ داچاندن و دورینەوە و گەنم بەرهەم هێنان. ئەم هەموو کارانە پێویستی بە هاوکاری کەسانیتر هەیە)،
- لێرەدا کاری هەرەوەزی لەنێو خەڵک دروست دەبێ، کەواتە هەرچەند ژمارەی خەڵک زۆرتر بێت خۆشگوزەرانی زیاتر دەبێت لە ئەنجامدانی چالاکییەکان بە هاوکاری بۆ دابینکردنی خۆراک، بەمە بڕێکی زۆریان خۆراك دەست دەکەوێ کە چەندان هەندی پێویستی خۆیان.
- بەهەمان شێوە بۆ پیشەسازی سوک و گەورە و خزمەتگوزارییەکان شیاوە، بۆیە دەڵێت: هەرچەند کارەکان بەردەوام بن خۆشگوزەرانیش زیاتر دەبێت، بازاری شارەکان پڕ دەبێت لە کاڵا، بەکاربردن و بەرهەمهێنەر زۆر دەبێت، لێرە دابەشکردنی کار (تقسیم العمل) دروست دەبێت، داهات و بەرهەم زۆر دەبێت و، پیشەسازی نوێتر بەردەوام پەیدا دەبێت و وڵات داهاتی ساڵانەی زۆر دەبێت.
- بەڵام هۆکاری کەمبوونی خۆراک و برسێتی دەگەڕێنێتەوە بۆ زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی کاڵاکانی خۆشگوزەرانی و داڕوخانی سیاسی و ڕەوشتی، نەک لەبەر زۆری دانیشتوان هەروەک مالتۆس باسی دەکات.

## دووەم: تیوری تۆماس ڕۆبێرت مالتۆس (Thomas Robert Malthus) (١٧٦٦-١٨٣٤)

- مالتۆس لە ئینگلستان لەساڵی ١٧٦٦ لەدایکبووە، باوکی خەڵکی لادێ بوە خاوەنی زەوی و زاری کشتوکاڵی بووە، لەهەمانکات هاوڕێی جان جاک ڕۆسۆ بوە، ئەو زانایە گەشبین بوە لە زۆربوونی دانیشتوان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لەسەدەی هەژدەم. مالتۆس بەردەوام بوو لە خوێندن تاکو بوەتە قوتابی زانکۆی کامبێرج، پاشان بوە بە قەشەی کەنیسە ساڵی (١٧٩٧)، دوایی بوە بە مامۆستای مێژوو و ئابوریناسی لەساڵی(١٨٠٦)، تاکو ساڵی (١٨٣٤) مردووە.

# پرەنسیپەکانی تیۆری دانیشتوانی لای مالتۆس

- مالتۆس ئاماژە بەوە دەکات کەپەیوەندیەکی ستاتیکی هەیە نێوان گەشەی دانیشتوان وخۆراک، واتا پەیوەندیەکی نەجولاو هەیە، چونکە خۆراک ڕێژەی سنووردارە بەرامبەر بە زۆری دانیشتوان،بۆیە لەم بارەوە ئاماژەی بۆ دوو پرەنسیپی سەرەکی کردوە:
- یەکەم: خۆراك پێویستیکی سەرەکیە بۆ ژیانی مرۆڤ، چونکە بوونەوەری مرۆیی بێ هەوڵدان بۆ پەیداکردنی خۆراك ناتوانێ درێژە بەژیانی بدات، بۆیە مرۆڤ لەترسی برسێتی هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ پاراستنی ژیانی و پەیداکردنی خۆراک. هەروەها ئارەزووی سێکسی پێویستە بۆپاراستنی مانەوەی ڕەگەزی مرۆیی،چونکە بێ زاوزێ هەموو بونەوەرێك ڕەگەزی دەبڕێتەوە، کۆتایی بە جۆری ئەم بوونەوەرە دێت، مرۆڤیش یەکێکە لەم بوونەوەرانە.
- دووەم: مرۆڤ بەشێوەی ئەندازەیی زیاد دەبێت وەك (٢، ٤، ٨، ١٦، ٣٢، ٦٤،.... هتد)، بەڵام خۆراك بەشێوەی ژمارەیی زیاد دەبێت وەك (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧،.... هتد)، ئەمە دەبێتە دوجابوونەوەی ژمارەی دانیشتوان هەر (٢) ساڵ جارێک بەرامبەر بە زیاد بوونێکی کەم لە خۆراک، ئەمەش دەبێتە ڕوودانی برسێتی و نەخۆشی و نەهامەتی خەڵک.
- مانای ئەوەیە پاش سەدەونیوێک ژمارەی دانیشتوان دەبێتە (٦٤) جار هەندی خۆی، بەڵام خۆراك لە (٧) جار هەندی خۆی تێپەڕناکات.

# بەربەستەکانی گەشەکردنی دانیشتوان بەپێی تیۆری مالتۆس

- مالتۆس بۆ رێگرتن لە زۆربوونی دانیشتوان دوو جۆر بەربەستی دەستنیشان کرد، یەکێکیان: بەریەستی خۆپاراستنە، ئەویتریان: بەربەستی باشە.

١- بەریەستی خۆپاراستن:ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوان لەڕێگای کەمکردنەوەی لەدایکبوون بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەهۆی دواخستنی هاوسەرگیری، واتا کەمکردنەوەی هاوسەرگیری لە تەمەنی زوو بۆ هەردوو ڕەگەز.

- هەروەها کپکردنی ئارەزوە سێکسیەکان لەکاتی هاوسەرگیری ئەمەیان ئارەزوومەندیە؛ همەڵقولاوە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ، کە دەتوانێ هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامە دوورەکانی بکات، وەك دواخستنی هاوسەرگیری و قەدەغەکردنی کرداری سێکسی لەژیانی هاوسەری.

٢-بەربەستی باش: زۆربوونی ڕێژەی مردن بەهۆی خەریکبوون بە کار و پیشەکانی؛ زیانیان بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە، یان کارە قورسەکانی کە ئازاری مرۆڤ دەدەن و دەبێتەهۆی ڕوودانی ڕوداوی بەربوونەوە و شکستی جەستەیی، یان لە ئەنجامی ماندوبوون توشبوون بە نەخۆشی.

- هەروەها کارکردنی منداڵ و بڵاوبونەوەی پەتا و نەخۆشی و زۆربوونی قەڵەباڵغی لە شارەکان و بڵاوبونەوەی هەژاری و برسێتی. ئەمانە هەمووی بە ڕای مالتۆس هۆکاری باشن بۆ کەمکردنەوەی دانیشتوان.

- هەموو هۆکارێك دەگرێتەوە کە دەبنەهۆی کورت کردنەوەی تەمەنی مرۆڤ، وەک شەڕ و جەنگ و کارەساتە سروشتیەکانی وەك لافاو و ووشکایی و پەتا و نەخۆشی و برسێتی و هەموو جۆرە نەهامەتییەك.

# سێیەم: تیۆری دانیشتوانی لای مارکیز دی کوندەرسی

- فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی فەرەنسی کۆندەرسی پێیوایە مێژوو بریتییە لە پشکنین و ووردبوونەوە لە ریزبەندی و پلەبەندی سروشتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش بۆ گەیاندنی مرۆڤە بە سیفەت و خەسڵەتی کەماڵ. لەم بارەوە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆیی لەیەک جیا کردۆتەوەو پۆلێنی کردووە، بەسەر (دە) قۆناغدا دابەشی کردووە، قۆناغی کۆتایی لە شۆڕشی فەرەنساوە دەست پێ دەکات؛ واتە ئەو شۆڕشە سەرەتای دەستپێکی قۆناغی دەیەمە، قۆناغێکە مرۆڤ دەگاتە کەماڵ، دوژمنایەتی و ڕق و کینە لە نێوان مرۆڤەکاندا ون دەبێت.
- بۆیە دابەشبوونی نا دادپەروەرانەی سەروەت و سامان لە نێوان مرۆڤەکاندا نامێنێ، نەرەخساندنی هەلی پەروەردە و فێرکردنی یەکسان شوێنەوارێکیان نامێنێت، یاسا و تەوای سیستەمەکانیتر لە کۆمەڵگادا بۆ ڕێکخستن و کارپێکردنی تاک کار دەکەن لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، بۆیە بەرهەمی زەوی هەمیشە لە زۆربووندا دەبێت وخۆراک بە تێروپڕی بۆ هەمووان دابین دەکرێت، مەترسی نەخۆشی و برسییەتی نامێنێ؛ تواناکانی مرۆڤ دەگەنە کەماڵ.
- بە کورتی کۆندەرسی بانگەشەی بۆ یەکسانی مرۆڤەکان کردووە، ئەمەش پەیوەندی بە زۆربوون و کەمبوونەوەی دانیشتوان بە قەد ئەوەی وابەستەی سیستەمی دسەڵاتە، بۆ ئەمەش پێویستی بە پەروەردە و پڕ چەککردنی تاکەکانە بە زانست تا توانای داواکردنی مافەکان و خۆپارێزییان هەبێت و یەکانگیری کۆمەڵگا دروست بێت.

# چوارەم: تیۆرەکەی جۆدوین سەبارەت بە دانیشتوان: (١٧٥٦-١٨٣٦)

- توێژەری ئینگلیزی جۆدوین لە کتێبەکەیدا پێشبینی چاخێکی زێڕینی کردووە بۆ مرۆڤایەتی، پێیوایە گومان لە هاتنی سەردەمێکی وادا نیە، ئەویش وەکو کۆندەرسێ پێیوایە لەو قۆناغەدا مرۆڤەکان دەگەنە کەماڵ.
- هەروەها لە ڕووی سروشتی مرۆییشەوە دەڵێ: مرۆڤ هەر بە فرچک حەزی لە شەڕ و دوژمنایەتی و ئاژاوە نیە،
- بەڵام بە پەروەردەکردنێکی تەندروست و سیاسەتێکی دادپەروەرانە و بە توێژینەوەی زانستی و هێمنانە و لەسەرخۆ و لابردنی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی لە بەردەمیدایە مرۆڤ بە تەواوەتی دەگاتە ئازادی و سەربەخۆیی لە کارەکانیدا،
- مرۆڤ دەگاتە لوتکەی کەماڵ و پێگەیشتن و ئیتر پێویست بە دادگا و کارگێڕی فەرمی و حکومی ناکات، دادپەروەری لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبێت و ئەمەش مرۆڤ پەلکێش دەکات بۆ قازانج و بەرژەوەندی گشتی.

# پێنجەم: تیۆری پەرەسەندن لای فیردیناند تۆنیز

- یەکێك لە گرنگترین نوسین و بەرهەمەکانی فێردیناند تۆنیز زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی (١٨٥٥-١٩٣٦) لە کتێبەکەی (gemeinschaft and gesellchaft) واتە کۆمەڵگای خۆجێی و گۆمەڵگا، ئەوەی بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت (Commuity and Society)،
- لەم نوسینەیدا کۆمەلگای مرۆیی بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلێن دەکات، ئەوانەش کۆمەڵگای لۆکاڵی یان خۆجێیی هەڵگری کۆمەلێک خەسڵەت و تایبەتمەندین لەگەڵ کۆمەلگای گرێبەستی کە ئاستێکی پێشکەوتووتر و پەرەسەندووتری هەیە.
- بە جەختکردنە سەر ئەوەی کە گۆمەلگاکان لە گوڕان و پەرەسەندندان لە گۆمەڵگای لۆکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگای شارئشینی گرێبەستی، ئەو ویستەی کە باڵادەستە بەسەر گۆمەڵگا خۆجێیەکاندا بریتییە لە ویستی سۆزداری و سروشتی، کەچی ئەو ویستەی کە باڵادەستە بەسەر کۆمەڵگا گرێبەستییەکان بریتییە لە ویستی بیرکردنەوەو ئەفلانییەت.

جگە لەوەی تۆنیز لە هۆکارەکانی ئەم پەرەسەندن و گوڕانەدا جەخت دەکاتە سەر دیاردە دائنیشتوانییەکان بە تایبەتی قەبارە و چڕبوونەوەیان لە شارەکاندا.

بوارێکیتری گرنگیپێدانی (تۆنیز) بابەتی پەیوەندی نێوان ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان و ئەو گۆڕانکارییە وەرزیانە بوو کە لە رادەی هاوسەرگیریدا دەهاتنە ئاراوە، بە تایبەتی لە بارەی کوڕان و کچانەوە واتە لە سەر بنەمای رەگەزی، کە ئەمەش بابەتێکی ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوانە.

تۆنیز و دۆرکایم لە دیاریکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دوو جۆری کۆمەڵگای خۆجێی و کۆمەلگا یان (کۆمەلگای میکانیکی و کۆمەلگای ئەندامی لای دۆرکایم) زۆر لە یەکتری دەچن، بە تایبەت لە دەستنیشانکردنی داینەمۆ و بزوێنەرەکانی گۆڕاندا، بە لای هەردووکییانەوە کۆمەڵگا دەگۆڕێت.

- **بەلای (تۆنیز)یشەوە کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکی خۆجێییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی گرێبەستی دەگۆڕێت <u>هۆکارەکانیشی</u> بریتیین لەمانەی خوارەوە:**

١- پێشکەوتنی کشتوکاڵی و پیشەسازی و زۆربوونی بەرهەم و گەشەکردنی بازرگانی پەرەسەندنی زانستی و تەکنۆلۆجی و داهێنانی هۆکار و ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندن.

٢- ڕەوکردن یان کۆچکردنی دانیشتوان لە لادێ و گوندەکانەوە بۆ شار و هەرێمە شارنشینییەکان، کە دەبێتەهۆی گەورەبوونی قەبارە و چڕبوونەوەی دانیشتوان.

٣- زۆربونی سروشتی دانیشتوان بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایک بوون و کەمبوونەوەی مردنی منالان ئەمیش بە هۆی باشتربوونی رەوشی ئابووری و تەندرووستی کۆمەڵگاکان و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و ئاستی بژێوی خێزانەکان و...هتد.

٤- بەدەرکەوتنی پیشەی جیاجیا و پسپۆڕی و دابەشکردنی کۆمەڵایەتییانەی کار و فرەجۆری بەرهەمهێنان و، بەهۆی ئەمیشەوە دەبێتە گەشەکردنی خێرای بازرگانی و قازانج و سەرمایەداری.

بۆیە ئیتر بە هۆی ئەمانەوە تەواوی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا دەگۆڕێن و نمونەیەکیتری کۆمەڵایەتی دروست دەبێت.

# بەشی چوارەم/ سیاسەتی دانیشتوان

- سیاسەتی دانیشتوان بەپێی پێناسەی بیریلسۆن (Berelson) بریتییە لەو سیاسەتە ڕوونەی کە حکومەت نەخشەی بۆ دەکێشێ بۆ گریمانەکردنی ئەنجامە بەراییەکان. لەگەڵ ئەوەی ئامانجی ڕاستەقینەی چارەسەری دیموگرافی جێبەجێکردنی ئامانجە سەرەتاییەکانە، وەک پەلەکردن لە ئاسایشی نەتەوایەتی و خۆشگوزەرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی.
- هەندێکیتر ئاماژە بەوە دەکەن کە سیاسەتی دانیشتوان بریتییە لەو هەوڵ و چالاکییە مرۆییە نەخشەکیش کراوانەی کە کۆمەڵگا ئەنجامی دەدەن بۆپاراستنی مانەوە و خۆشگوزەرانی باشیی دانیشتوان، لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی لایەنەکانی دیموگرافی لە گەشەکردنی گرووپەکان و گۆڕانیان بە سنورداركردنی گەشەی دانیشتوان بەشێوەیەک کە ژمارەی دانیشتوان لەگەڵ ئاستی بەرهەمی خۆراک بگونجێ؛ بۆ دابینکردنی جۆرە خۆشگوزەرانیەک کە ڕەزامەندی پێوە دیار بێت.
- سیاسەتی دانیشتوان هەوڵ و ماندوبوونێکە بۆ کارتێکردن لە قەبارە و پێکهاتەی دابەشبوونی دانیشتوان. زانایەک بەناوی **(دەرج)** دەڵێ سیاسەتی دانیشتوان ڕێوشوێنێکی یاساییە و بەرنامەیەکی کارگێڕیە و هەندێ کاری حکومیە بۆ گۆڕینی یان هەمواركردنی ئاراستە دانیشتوانییەکانی هەبوو بۆ بەردەوامبوونی ژیان و خۆشگوزەرانی نیشتمانی.

# ئامانجەکانی سیاسەتی دانیشتوان

- ١- بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بێت لە نێوان گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و نێوان گەشەی دانیشتوان و دابینکردنی پێداویستیەکانی دانیشتوان و پەرەپێدانی ئاستی خێزان لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فێرکاری و ڕۆشنبیری و، تواناگەری ئافرەت و پشتگیری یەکسانی ڕەگەزی و دابینکردنی چاودێری تەندروستی، لەمانەش خزمەتگوزاری ڕێکخستنی خێزان لەچوارچێوەی سەربەستی دان بەخێزان بۆ وەچەنانەوە لەچوارچێوەی خێزان وبەرپرسبوونی لەپەروەردە و پێگەیاندنی.
- ٢- پەرەپێدانی سامانی مرۆیی و چاککردنی بواری کارکردن، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان و، نەهێشتنی بێکاری نێوان گەنجەکان لەهەردوو ڕەگەز و، کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و، پارێزگاریکردنی ژینگە و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری، بەتایبەتی لەناو خەڵکی گوندەکان و لەچینی ئافرەتەکان

# بۆچی سیاسەتی دانیشتوان دادەنرێ؟

- چەند هەوڵێك لەخۆ دەگرێ بەپێی بارودۆخی وولاتەکە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵکەکە و باشکردنی ئاستی گوزەرانیان وەکو:

١- جێبەجێکردنی هاوسەنگی نێوان پیکهاتە دانیشتوانییەکان.

٢- جێبەجێکردنی هاوسەنگی نێوان سەرچاوە سروشتییەکان و ژمارەی دانیشتوان.

٣- جێبەجێکردنی پەرەپێدانی هاوسەنگ.

**سیاسەتی هاندانی زۆربوونی دانیشتوان: مەبەست لە سیاسەتی هاندانی زۆربوون چییە؟**

ئەم سیاسەتە لە کاتێک پەیڕە و دەکرێت ئەگەر وولاتێك خۆراکی زۆر بێت و ڕێژەی داهاتی ساڵانەی بەرز بێت، بەڵام ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی کەم بێت یان وولاتەکە لەکاتی جەنگ بێت ژمارەی زیانی گیانی زۆر بێت، بۆ قەرەبووی قوربانیانی جەنگ ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرێت.

وەک شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران وایکرد کە عێراق چەندین سیاسەتی هاندەرانە بگرێتە بەر بۆ هاندانی منداڵبوون و قەرەبووی قوربانییانی جەنگەکە، وەک هاندانی هاوسەرگیری زوو لەنێو قوتابیانی زانکۆ و پێدانی قەرزی هاوسەری و کڕینی کەلوپەلە کارەبییەکانی ماڵ بەنرخی هەرزانتر لە بازار، لەبازارە سەنتەرییە حکومییەکان و پێدانی مۆڵەتی دایکایەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی فەرمانبەرن لەکاتی منداڵبوون بە موچەی تەواو بۆ ماوەی (٧٠) ڕۆژ.

# شێوازەکانی هاندانی سیاسەتی زۆربوونی دانیشتوان

یەکەم: سیاسەتی هاندانی زۆری لەدایکبوون:

- لە عێراق ڕێوشوێنەکانی هاندانی لەدایکبون پەیڕەوکرا بەدارشتنی یاسای ژمارە (١٩١)ی ساڵی (١٩٧٥) کە چەند خاڵێک لەخۆدەگرێ ئەمەش لەو خاڵانە پێك دێت:

١) پێدانی مۆڵەت بۆ ئافرەتی دوو گیان بۆماوەی (٧٠) ڕۆژ بە موچەی تەواو.

٢) کوڕەکان و کچەکان ماف وەرگرتنی بەشە خانەنشینییان هەیە لە باوکیان یان لەدایکیان یان لەهەردوکیان.

٣) ئافرەت مافی وەرگرتنی مافی منداڵەکانی هەیە ئەگەر خۆی فەرمانبەر بوو، بەڵام هاوسەرەکەی فەرمانبەرنەبوو.

- ئەگەر چی سیاسەتی دانیشتوان زۆربەی کات بەستراوە بەڕێکخستنی خێزان و کەمکردنەوەی رێژەی لەدایکبوون، بەڵام هەندێ جاریش سیاسەتی دانیشتوان بۆ هاندانی زۆربوونی دانیشتوان هانی کۆچی هاتوو دەدات لە وولاتانیتر شان بەشانی هاندانی زۆربوونی لەدایکبوون یان ئەگەر پێویستی نەکرد تەنها لەجیاتی زۆربوونی لەدایکبوون کۆچی هاتوو دەدرێ لە وولاتانیتر.

دووەم: هاندانی کۆچی هاتوو: سەبارەت بەهاندانی کۆچی هاتوو: بۆنمونە لە وولاتی ئیتالیا ساڵی (١٥٦٠)ز (دۆق تسکانیای گەورە) نێردراوی نارد بۆ هەموو ناوچەکانی ئیتالیا بۆ ئەو خێزانانەی ئارەزویان هەیە کۆچ بکەن بۆ (ماریما - Maremma) لەسەر دەریای کاریبی،

- چونکە دانیشتوانی کەمبوو لە ئەنجامی هێرشەکانی دوژمن لەشەڕەکانی پێشوو، بۆیە کرێی گواستنەوەیان پێدرا، لەگەڵ هەریەکە پارچە زەویەکی کشتوکاڵی و خانووی کاتیان پێ درا تاکو خانووی هەمیشەیی دروست دەکەن و، کەرەستەی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵیان پێ درا لەگەڵ خۆراک و پێداویستیەکان بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک؛ نزیکەی (٢٠٠) خێزان بەکۆی زیاتر لە (١٠٠٠) کەس کۆچیان کرد بۆ ئەو شوێنە.

سێیەم: كەمكردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵ: بۆنمونە لە عێراق یاسای ژمارە (٨٩)ی ساڵی (١٩٨١) دەرچوو سەبارەت بە كەمكردنەوەی مردنی منداڵ، كە ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرێ:

١. دامەزراندنی دەزگای چاودێری دایكان و منداڵان بۆ چاودێری ئافرەتی دووگیان و كاتی مشداڵبوونیش چاودێری منداڵەكەی بكرێ و بەردەوام پشكنینی دایكەكەش بكرێ.
٢. خێزان پابەند بێت بەكوتانی منداڵەكەی لەكاتی خۆی بەپێی ڕێنماییە تەندروستییەكان كەچەند جار پێویستی بە كوتان دەبێت، هەروەها پێدانی شیری منداڵ بەخۆڕایی لە دەزگا تەندروستییەكان و پیشكەشكردنی ڕێنمایی و ئامۆژگاری تەندروستی بۆ دایكەكان بۆ چۆنیەتی بەخێوكردنی منداڵەكانیان.
٣. پشكنینی پێش هاوسەرگیری بۆ هەردوو هاوسەر بۆ دڵنیابوون لە لەش ساغیان.

- لە وولاتە ئەسكەندنافییەكان، بەتایبەتی سوید یەكێكە لەو وولاتانەی كە ڕێژەی مردنی كەمكردەوە و ڕێژەی لەدایكبوونی زیاد كرد. لە سێیەكی یەكەمی سەدەی بیستەم لەبەر دابەزینی ڕێژەی لەدایكبوون بە ڕێژەیەكی زۆر، وولات ناچار بوو پەنا بباتە بەر سیاسەتی هاندانی ڕێژەی لەدایكبوون. دوای ئەوەی كە هەڵسەنگاندنی گوزەرانی خەڵك كرا دەركەوت ڕێژەیەكی زۆر لە خێزانەكان لە ئاستی پێویست نزمترن،
- كاربەدەستانی میری هەوڵی چككردنی گوزەرانی خەڵكیاندا زیاتر لەچاو زۆركردنی ڕێژەی لەدایكبوون، پاشان سیاسەتی دانیشتوان چەند خاڵێكی یاسایی دارِشت، یەكێك لەوانە ڕێگا دان بە خێزان كە خۆی بڕیاری ژمارەی منداڵ بدات بەپێی ئاستی گوزەرانی خۆی، هەروەها گرنگیدان بە خزمەتگوزاری تەندروستی و كۆمەڵایەتی و گوزەرانی خەڵك و بەخوێندەواری كردنی تاكەكانی خێزان و هۆشیاركردنەوەیان؛ بە پێشكەشكردنی ڕێنمایی لە ڕێگای دانانی بەرنامەی كۆمەڵایەتی و ئابوری.

# کەمبوونەوەی دانیشتوان و ڕەنگدانەوەکانی

- کەمی دانیشتوان ڕەنگدانەوەی ئەنترۆپۆلۆژی زۆری هەیە، زانایەک بە ناوی (دۆبریل) لە بارەی کەمی دانیشتوانەوە دەڵێت لە دۆخی کەمی دانیشتواندا ڕواڵەت و دیمەنەکانی نوێ بوونەوە و ژیانی مۆدێرن ون دەبن و بەدیار ناکەون، کیانی نەریتگەرایی و چەق بەستوو زاڵ دەبێت.
- هەر وەکو بەهاکانی پێشکەوتن و داهێنان هەرەس دێنن و حەز و ویست و ئارەزووی مرۆڤەکان لە دەست گرتن بە ڕەوشی باوەوە کورت دەبێتەوە، بەهای مرۆڤ لە دۆخی کەمی دانیشتواندا پاشەکشێ دەکات، هێزی کار لە بەردەم هێزی سروشتدا دەکشێتەوە
- چونکە مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ سروشت خۆی بەتەنیا دەمێنێتەوە و ژمارەیەکی کەمن لەو مەیدانەدا،واتە لە ڕووی ورەو بیروباوەڕ و گیانی بەرهەڵستی کردنەوە کەمی دانیشتوان مرۆڤ بێ هێز دەکات.

# دانیشتوانی نمونەیی و ڕەنگدانەوەکانی

- دانیشتوانی نمونەیی و بەستنەوەی بە مەرجەکانی ژیانی ئاسوودەیی و بوون بە دەوڵەتەوە بیرۆکەیەکی نوێ نیە
- ئەفلاتوون دانیشتوانی دەولەتە شار بە (٥٠٤٠) کەس دیاری کرابوو، چونکە ئەم ژمارەیە شایانی دابەشکردن بووە بەسەر هەموو ژمارەکاندا
- ئەرستۆش جەختی لەسەر ژمارەی نمونەیی کردۆتەوە و پێیوابووە دەبێ هەمیشە ژمارەی منالْ دیاری بکرێت تا بتوانرێت پێویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکرێت، بەو مەرجەی ئەم ژمارە دیاریکراوە نەبێتەهۆی تێکدانی ڕەوشی ئەمنی و بەرزەفتکردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا
- لە نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهاندا، بە گشتی چەمکی دانیشتوانی نمونەیی لە ئەمریکا و ئەوروپا گرنگیەکی زۆری پێدرا
- بەهایەکی نەگۆڕ نەک هەر بۆ چەمکی دانیشتوانی نمونەیی بەڵکو زۆری دانیشتوان و کەمی دانیشتوانیش نیە بەپێی کات و شوێن، دەشێ قەبارەیەکی نموونەیی بۆ هەرێمێکی دیاریکراو کەمی دانیشتوان بێت یان زۆری دانیشتوان بێت لە هەرێمێکی ترداهەرێمێکیتردا، بە پێی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەو هەرێمە،

گۆڕانە دانیشتوانییەکان لە ڕووی سروشتی و جوگرافی و پەرەسەندنە تەکنۆلۆژییە نوێییەکان بەرپرسن لە گۆڕانی ئەم ڕەوشەدا.

## بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونەیی پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین

أ- پێویستە هەر ولاتێک یان کۆمەلگایەک بە پێی ڕەوشی تایبەتی خۆی سەیری قەبارەی نمونەیی دانیشتوانی بکەین، چونکە هەر یەکێک لەمانە قەبارەی نمونەیی تایبەت بە خوی هەیە.

ب- دەبێ ڕەچاوی کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆکانی زۆربوونی دانیشتوان بکەین، ڕەشبینەکان سەیری کاریگەرییە ڕاستەخۆکان دەکەن و گەشبینەکان سەیری ناراستەخۆکان.

ج- دەبێ سەیری ئاسەوارە تایبەت و گشتییەکانی زۆربوونی دانیشتوان بکەین، رەشبینەکان سەیری ئاسەوارە تایبەتییەکان دەکەن و گەشبینەکان سەیری ئاسەوارە گشتییەکان.

د- دەبێ قەبارەی نمونەیی لە ئەوپەڕی زۆری و لە ئەوپەڕی کەمی جیا بکەینەوە. واتە بزانین ئەوپەڕی زۆری دانیشتوان لەم کۆمەڵگایەدا چەندە یان ئەوپەڕی کەمی چەندە، هەتا لە ئاستێکدا پێی بڵێین دانیشتوانی نمونەیی.

**<u>یەکێك لە پێناسەکانی قەبارەی نمونەیی بریتییە</u>** لەو سنوورەی هەردوو دۆخی زۆربوونی دانیشتوان لە کەمی دانیشتوان جیا دەکاتەوە، واتە ئەو ئاستەیە لە نێوان کەمی دانیشتوان ئەگەر ببێتە کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەتن و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی لە کۆمەڵگاکەدا و لە نێوان زۆری دانیشتوان ئەو برەی بۆ کۆمەلگا بە هەمان شێوە ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم گۆرانکارییەکانی کۆمەڵگا و دابینکردنی ژیانی ئاسودە و خۆشگوزەران بۆ تاک و خێزانەکان.

- زانایەک بە ناوی (فیکسل) لە ساڵی (١٩١٣)دا دەڵێت قەبارەی دانیشتوانی نمونەیی ئەو قەبارە دانیشتوانەیە زۆرترین سوود و قازانجیان هەیە، بەڵام (فیکسل) ئەو پێوەرەی دیاری نەکردووە لە رێگایەوە بکرێت ئاستی ئەوپەڕی زۆری دانیشتوان بپێوین.
- زانایەکیتر بە ناوی (ئەلفرێد ساوێ) دەڵێت قەبارەی نمونەیی دانیشتوان ئەو قەبارە دانیشتوانەیە بە شێوەیەکی باشتر ئامانجێکی دیاریکراو دێنێتەدی.
- بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونەیی دانیشتوان پشت بە کۆمەڵێک گۆڕاوی دیاریکراو دەبەستن، پێیانوایە لە رێگای ئەو گۆڕاوانەوە دەکرێ لە هەر کۆمەڵگایەکدا (٦) قەبارەی نمونەیی دانیشتوان دەربکەین، گۆڕاوەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە: ئەو **گۆڕاوانە کامانەن کە بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونەیی دانیشتوان پشتی پێ دەبەسترێت؟**

أ- ئاستی بژێوی باڵا: وەکو لە میانەی باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیانەوە ئەوە هەژمار بکرێت ئایا زۆری دانیشتوان یان کەمی دانیشتوان هیچ مەترسیەکی لەسەر ئایندەی کۆمەلگاکە یان خۆشگوزەرانی دروست کردووە.

ب- کار و دەستی کاری تەواو: ئەمە لە دۆخی کەمی ژمارەی دانیشتوان و دەرهاویشتەکانییدا بەدەردەکەوێت، هەر کۆمەڵگایەک نەتوانێت لە میانەی هێز و دەستی کاری خۆیەوە پێویستییەکانی بازاڕی کاری ناوخۆیی پڕ بکاتەوە.

ج- گەشەپێدانی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی تەندروست و بێ خەوش.

د- پێکهاتەی دانیشتوانیی هاوسەنگ.

# پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دانیشتوان

- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی دانیشتوان کە تاکەکانی کۆمەڵگا بەهۆی کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەپێی ڕەوشی کۆمەڵگا فێری دەبن و پەیڕەوی دەکەن، یان لە ئەنجامی ژیانی کۆمەڵایەتی تایبەت بەو کۆمەڵگەی تیایدا دەژین بەسەریاندا دەسەپێنرێت.
- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە مانە پێك دێت----

١- باری زانستی یان خوێندەواری:

- لەم بارەدا پۆلێنکردنی جۆراو جۆر هەیە ئەگەرچی بە پێی کۆمەڵگاکان و ئاستی پێشکەوتنی کلتوری کۆمەڵگاکان ئەم پۆلێنکردنە دەگۆڕێت، بەڵام لە کوردستاندا تا ئێستاش تا رادەیەک بەم شێوەیە پولین دەکرێت: نەخوێندەوار، دەتوانێ بخوێنێت و بنوسێت، سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی، پەیمانگا و زانکۆ ، خوێندنی باڵا. تا ئێستا لە کوردستان، یان لە ڕۆژهەڵات بە گشتی بۆ پێوانەی خوێندەواری پشت بە خوێندن و نوسینی ئاسایی دەبەسترێت، بێ لە بەرچاوگرتنی تواناکانی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر تەکنۆلۆژیای نوێ، لە هەندێک کۆمەڵگادا نەزانینی سود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای پێشکەتوو بە نەخوێندەواری دادەنرێت.

٢- باری خیزانداری:

واتە دۆخی پێکەوە ژیانی ژن و مێردایەتی یان خێزانی؛ سەڵت، خێزاندار، بێوەژن، پێوە پیاو، هاوسەر مردووی پیاو، هاوسەر مردووی ژن، تەڵاقدەر و تەڵاقدراو.

٣- باری ئابووری:

وەکو ئاستەکانی هەژار، مام ناوەند و دەوڵەمەند. بۆ ئەمە پێوەری جۆراوجۆر و ئاڵۆز هەیە، زۆر سەختە سنوری نێوان ئەم پێکهاتەیە دیاری بکرێت بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگای ئێمە و هاوشێوەکانی، بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئاینی و دامەزراوەیی و سیاسیەوە،لە توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژیەکاندا بە هۆی میتۆد و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری مەیدانی تارادەیەک زانستیانەتر دیاری دەکرێت، بەڵام زۆرجار لە توێژینەوە دانیشتوانی و کۆمەڵناسییەکاندا بە هۆی فۆرمی راپرسی و پرسیارکردنی ڕاستەوخۆ لە لێتوێژەر (مبحوث) لە بارەی ئاستی ئابووری و شێوەی ژیانەوە، تارادەیەك بە هەڵە ئەم پێکهاتەیە دیاری دەکرێت.

٤- باری ئایینی مەزهەبی:

موسڵمان، مەسیحی، یەهودی، کاکەیی، یەزیدی .....تاد ئەم دابەشبوونە لە ڕووی بیروباوەڕ و باوەڕی راستەقینەو، وەکو ئەوەی لە ناسنامەکاندا دەنوسرێت جیاوازی هەیە، وەکو ئەوەی لە دەروناسیدا پێی دەگوترێت ئاراستەی ئاشکراو ئاراستەی پەنهان یان شاراوە.

٥- باری زمان و شێوەزارەکان:

وەکو زمانی نەتەوەیی بۆ نمونە کوردی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، یان شێوەزاری جیاواز لە ناو یەک زماندا وەکو شێوەزاری لوڕ و کەلهوڕ و هەوارمی، کرمانجی خواروو، کرمانجی سەروو.

٦- باری پسپۆری و شارەزایی:

وەکو نەزان، نەشارەزا، بێ توانا لە بەکارهێنانی ئامێر و کەرەستە تەکنۆلۆژیەکان، زانا، شارەزا، بەتوانا لە بەکارهێنانی کەرەستە و ئامێرەکان،پسپۆڕ....هتد، کە ئەمەش بەشێکە لە هێزی بەرهەمهێنان، چونکە ئەم هێزانە دەکرێن بە دووبەشەوە هێزی مرۆیی بەرهەمهێنان و هێزی مادی بەرهەمهێنان، پەیوەندیەکی زۆر توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە

- <u>مادییەکان</u> بریتیین لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان؛ وەکو ئامێرەکانی کارکردن و شێوازە هونەرییەکانی بەکارهێنانیان، بەڵام هێزی <u>مرۆیی</u> بریتییە لە شارەزایی و توانای بەرهەمهێنان و پسپۆڕی و لێهاتوویی مرۆیی لە بەکارهێنانی ئەم کەرەستانەدا، هەموو ئەمانە پێکەوە لە کۆتاییدا بەرهەمهێنانی کاری مرۆیی دیاری دەکەن لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵگادا

٧- باری ژینگەیی:

بۆ داشبوونی ژینگەیی ئەگەر لە شێوە سەرەتاییەکەیەوە دەست پێ بکەین بو شێوە ئالۆز و پێشکەوتووەکەی پلەپلە سەرکەوین بە شێوەی (کۆچەری،لادێ، شارۆچەکە و شار) دابەشی دەکەین؛ ئەگەرچی بۆ دیاریکردنی هەر یەکێک لەمانەش ڕاوبۆچوون و شێوازی جیاواز هەیە

بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا (metropolis) و (city)و (town) تەنیا بۆ گوزارشتکردن لە شار هەیە؛ جگە لە جۆرەکانی تری ژینگەیی، لە عەرەبیشدا (بلدة) و (مدينتة) و (اقضية) و (ناحية) و (قصبة) و (قرية) و (ريف) و(بداوة) هەیە لە ڕێگای ماناکانیانەوە هەست پێ دەکەین چ جیاوازیەکی ئەنترۆپۆلۆژی و دانیشتوانی و کۆمەڵایەتی و ئاستی چڕبوونەوە و خزمەتگوزاری و بازاڕو....هتد لەهەر یەکێکیاندا چەندە.

٨- باری چینایەتی:

دیاریکردنی ئەم پێکهاتەیەش زۆر سەختە، ئایا بە چ پێوەرێک چینەکانی باڵا، ناوەند و خوارەوە. دیاری دەکرێت؟ توێژینەوە لە ریزبەندی و پۆلێنکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگا و دابەشکردنی بەسەر چینی جیاوازدا یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی مرۆڤناسی و ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان

هەندێک لە زاناکانی بوارەکە ئەم سێ چینە بەسەرەکی سەیر دەکەن و ئەمانیش بۆ جەند لقێکیتر دابەش دەکەن چینی باڵای باڵا و چینی باڵای ناوەند و چینی باڵای خوارەوە.

هەروەها ناوەندی باڵا و ناوەندی ناوەند و ناوەندی خوارەوە، دواتر چینی خوارەوەی باڵا و چینی خوارەوەی ناوەند و چینی خوارەوەی خوارەوە، ئەمەش لەسەر چەندین ڕێڕەوی جیاواز؛ بۆ نمونە وەکو کار و پیشە و داهات و شوێنی نیشتەجێ بوون و....هتد یان دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و مەزهەبی و نزیکی لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و دەسەلات و ئاستی خوێندەواری و چەندین هۆکاریتر.

# جۆرەكانی چڕی دانیشتوان پەیوەست بەباری ئابوورییەوە

أ- چڕی ژمارەیی یان چڕی گشتی

- بریتییە لەو چڕییەكی سادە و سەرەتایی، واتە دابەشكردنی كۆیی ژمارەی دانیشتوان لەسەر كۆی گشتی پێوانەی ڕووبەری خاكەكەی، بێ ڕەچاوكردنی لایەنەكانی تری ژیانی كۆمەڵگە.
- لەسەر ئاستی جیهانی جیاوازییەكی زۆر هەیە لە ریژەی چڕی دانیشتواندا،
- بۆ چەندین هۆكاری ژینگەیی و كۆمەڵایەتی و سیاسی و بۆ ڕووبەری وڵاتەكەش دەگەڕێتەوە لە ڕووی گەورەیی و بچوكی ڕووبەر.
- چونكە ئەگەر چڕی ئەنجامی دابەشكردنی ژمارەی دانیشتوان بێت بەسەر یەكەیەكی پێوانەیی ڕووبەردا، بێگومان بە بچوك بوونەوەی ڕووبەر ڕێژەی چڕی بەرز دەبێتەوە،
- هەندێک لە وڵاتان ژمارەی دانیشتوانییان زۆر نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووبەری خاكەكەشیان زۆر نیە بۆیە چڕی دانیشتوانیان بەرزە بە پێچەوانەوە وڵاتی وا هەیە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە، بەڵام لەبەرئەوەی رووبەری خاكەكەی فراوانە بۆیە چڕی دانیشتوانی كەمترە.

ب- چڕی فسیۆلۆجی

- بریتییە لە کۆی ژمارەی دانیشتوان لەسەر کۆی ڕووبەری وەبەرهێنراو لەڕووی ئابوورییەوە، واتە بیابان و شاخ و ناوچە سەختەکانی ڕووبەر کە بێ سوودن لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا لەم جۆرە چڕیەدا پەراوێز دەکرێن و هەژمار ناکرێن.
- لەبەر ئەوەی لە زۆر بابەتی وردی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگادا، چڕی گشتی یان ئەوەی بە چڕی ژمارەیی ناومان برد، توانای ئەوەی نیە ئاماژەی ئەوەمان بداتێ تا چەند ژمارەی دانیشتوان لەو کۆمەڵگایەدا فشاری خستۆتە سەر زەوی و سەر ئەو سەرچاوە سروشتییانەی لە وڵاتەکەدا هەیە .
- سەروەت سامانی سروشتی گۆمەڵگاکە تا چەند توانای خودبژێوی کۆمەڵگاکەی هەیە، دواتر کاریگەری هەموو ئەمانە لە سەرخودی دانیشتوان و گەشەکردن و ڕەوکردن و دابەشبوونیان چیە؟
- ئەو ولاتانەی بەشێکی زۆری خاکەکەیان بیابانە و تەنیا ڕووبەرێکی بچووکی ولاتەکەیان شایانی نیشتەجێبوون و پڕ داهاتە و کۆمەڵگاکەیان لەسەر ئەو ڕووبەرە بچووکە کۆبوونەتەوە و دەژین،
- هەروەها لە ناوچەکانی سوودێکی ئەوتۆیان بۆ دانیشتوانەکە نیە، کەچی کاتێک چڕی ژمارەیی دەردەکەین دەبێ ڕووبەری بیابانەکەش هەژمار بکەی
- بۆ نمونە لە میسر لە ساڵی (٢٠٠٠)دا ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە (٦٣٩٤١٠٠٠) کەس بووە، ڕووبەری خاکەکەی (٩٩٧٧٣٨) کیلۆمەتری دووجایە، چڕی گشتی دانیشتوان لەم بارەدا دەگاتە (٦٤) کەس بۆ هەر کیلۆمەتر دوجایەکی زەوی، کەچی لە ڕاستیدا (٩٩%) دانیشتوانی میسر لە دۆڵی نیلدا نیشتەجێن؛ ئەم دۆڵەش ناکاتە (٤%)ی ڕووبەری خاکی میسر، واتە ئەو چڕیەی قسەی لەسەر دەکرێت لەسەر ئاستی ولاتەکە مانای ڕاستەقینەمان ناداتێ.

ج- چڕی کشتوکاڵی:

- بریتییە لە جۆرێکی پێوانەیی ئەرکێتی (وەزیفی) بە دابەشکردنی کۆی ژمارەی کارگەرانی بواری کشتوکاڵی بەسەر کۆی ڕووبەری بەکار هاتوو بۆ کاری کشتوکاڵی دەردەکرێت،
- لەم جۆرە پێوانەییە چڕیەدا ئەرکی دانیشتوان و ئەرکی زەویەکەشی لەبەر چاوگیراوە، ئەم ڕێگایە زیاتر لەو قۆناغەدا بەکار دەهات کە کۆمەڵگای مرۆیی زیاتر کشتوکاڵی نەریتی بوو، ئامێر و کەرەستە تەکنۆکۆلۆژییە کشتوکاڵییەکان هێشتا لە بەرهەمهێناندا ڕۆڵێکی زۆریان نەبوو، هێندەی دەستی کاری مرۆیی لە بواری کشتوکاڵی و بەرهەمهێناندا کاریگەرییان هەبوو؛ پیشەسازی ڕۆڵی نەبوو
- لەم سەردەمەدا کشتوکاڵ بناغە و بنچینەی هەموو ئابوورییە نیشتمانییەکان بوو دەوڵەمەندی و سەروەت و سامان لە ڕێگای سەرمایەوە پێوانە ناکرا، بە ڵکو بە خاوەنداریەتی زەویوزار؛ شوێنی پێگەی تاک و وڵاتەکانیش دیاری دەکرا، بۆیە چڕی کشتوکاڵی لەو قۆناغەدا بۆ بەهێزی دەوڵەت و گرووپە مرۆییەکان کاریگەری خۆی هەبوو.

د- چڕی ئابووری گشتی:

- بریتییە لەو هەوڵانەی کە تا ئێستا دەدرێت بۆ پێوانەی توانا ئابوورییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی تایبەتمەندی ئەو پێکهاتەیی دانیشتوان کە ئەنجامی دەدات، لە جیاتی چڕی کشتوکاڵی (وەکو لە قۆناغەکانی پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد)؛ ئاماژە بوو بە توانا و بەهێزی هەر گرووپێکی مرۆیی

ئێستا هەوڵێکیتر لە ئارادایە بۆ نیشاندانی هەمان هێز و توانای گرووپەکان، ئەویش بە پێوانەکردنی هێز و توانای ئابووری کۆمەڵگایەک یان گرووپێک و دواتر دابەشکردنی دانیشتوان بەسەر ئەو توانایانەدا وەکو شارەزایی و وەرگرتنی تایەتمەندی و پسپۆڕی لە بە میکانیزمەکردنی بەرهەمهێنان و هۆیەکانی و سوود وەرگرتن لە توانا سروشتی و سەرچاوە سروشتیەکانی وولاتەکە.

# هۆکارەکانی چڕ نەبوونەوەی دانیشتوان لە کوردستان

- تا ئێستا، سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنە زانستییانەی لە بواری ئامار و سەرژمێریدا هاتووەنەتە ئاراوە، کەس نازانێت بە وردی ژمارەی کورد چەندە؟ یان بە لایەنی کەمەوە مەزەندە و خەملاندنێکی نزیکراوەیی بۆ بکرێت، بۆ نمونە ئەگەر زۆر نزیکیش نەبێت، جیاوازی خەملاندنەکان پێنج تا شەش ملیۆن بێت.
- لەو نوسینانەی ئاماژەیان بە ژمارەی کورد کردووە، هەندێکیان دەڵێن نەتەوەیەک ژمارەی بیست وپێنج ملیون کەسەو تا ئێستا دەوڵەتی نیە، کەچی هەندێک نوسینی تر دەڵێن ناکرێت گەلێکی پەنجا ملیۆنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی نەبێت؟ بەپێی زۆربەی سەرچاوە و مەزەندەکاری و خەملاندنەکان کورد لە نێوان بیست و پێنج تا پەنجا ملیۆنە.

# ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی

- زۆربەی خێڵە کوردییەکان بە پێی هەندێک سەرچاوە لە سەدەی هەژدەدا دەوروبەری یەک ملیۆن کورد واتە نزیکەی (٣٠%) دانیشتوان لە کوردستاندا کۆچەری بوون، ئەم رێژەیە بەپێی ئەو فشارە سیاسی و سەربازیەی کە ڕەوەندە کۆچەرەکان دەیانخستە سەر جوتیاری نیشتجێ و کوردی شارستان ژمارەیەکی زۆر بەرز بووە، ئەوەش دەگەیەنێت کە دێهاتی کوردی تارادەیەک چۆڵ بووە، تەنیا کۆمەڵی کشتوکاڵی بچوک و لێکدابڕاو هەبووە و زەوی پێشتر کێڵراو ساڵی یەك دوو جار لەلایەن کۆچەرەکانەوە داگیر دەکڕاو ئاژەڵی تێدەکرا،
- رێکخستنی خێڵەکیانەی ئەم گروپانە لە هۆزێکی شوانکارەییدا خۆی لە گردبوونەوەیەکی کاروانی و رێگا پێشاندەر و گرووپی چەکدار و شەرکەردا دەنوێنێت، لەم شێوازی ژیانەدا زیاتر یەکگرتوو دەبن و یەکدەگرن، بۆ پەلامار و هێرش کردنە سەر گروپەکانیتر.
- بەردەوامبوونی هێرشی بەربەریانەی خێڵە کۆچەرەکان بۆسەر نیشتەجێ و کاروانەکانی بازرگانی لە کوردستاندا هێندە دڵرەقانە بووە بە ئەندازەیەک کوردی نیشتەجێ و کوردی کۆچەری لەیەک جیاکردووەتەوە، خەڵکە نیشتەجێیەکە لەو باوەڕەدا نەبوون، پەیوەندی خوێن و خزمایەتییان لەگەڵ کۆچەرەکاندا هەبێت، ئامادەبوون بەوە ڕازی بن هەندێک نەریت و ڕەگەزی کلتوری هاوبەشیان لەگەڵ ئەرمەن و تورک و فارس و عەرەبی نیشتەجێی وەکو خۆیاندا هەبێ نەک لەگەڵ کوردە کۆچەرە هەمان ڕەگەز و خزمەکانی خۆیاندا

- بونیاد و پێکهاتەی سەربازی تەبا و هەماهەنگە لەگەڵ سیستەمی خێڵەکی کۆچەریدا
- بۆ نمونە هەزاران چەکداری هێزی سەربازی مەغۆلی هاوشێوەی بەشێکی زۆری خێڵەکانی پێشوو رێکخرابوون، تەنیا لە خێڵەکاندا رایەڵەی خوێن و خزمایەتی و لە هێزی سەربازیدا ڕێکخستنێکی ناوەندی بوو
- بۆیە دەکرێت ئەو جۆرە رێکخستنەی خێڵەکان بە کۆچەری سەربازی ناوبەرین، ئەم بونیادە لە خێڵە کوردیەکاندا ئاوەدانی و نیشتەجێبوونی وێران کردووە، ناسانکاریەکی گەورەی کردووە بۆ سڕینەوەی نیشانە و سیما نەتەوەییەکانی کورد لە شار و شوێنە نیشتەنییەکاندا.
- هەندێک سەرچاوەی تریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە خێڵە کوردەکان کە بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستانیان پێک هێناوە هەتا سەدەی نۆزدەش سێیەکی ئەم دانیشتوانە کۆچەری بوون و هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بە دوای لەوەرگادا گەرمیان و کوێستانیان کردووە
- تا بیستەکانی ئەم سەدەیە بەرنامەی نیشتەجێکردنی زۆرەملێ و تۆبزیش لە تورکیا و ئێران پیادەکرا هێشتا چەند خێڵێکی کوردی هەوڵیاندا و توانیان درێژە بە ژیانی کۆچەری بدەن، دوای ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیش لە ئێران هەندێک خێڵی نیشتەجێ کراوی کورد گەڕانەوە سەر ژیانی ئابوری جارانیان بەڵام سەرکەتوو نەبوون چونکە ژیانی گەڕیدەیی بەسەر چوبوو.

# پەیوەندی ڕەوکردن بە قۆناغەکانی گەشکردنی کۆمەڵگە

- دیاردە دانیشتوانییەکان بەگشتی پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنی هۆیەکانی بەرهەم و پەرەسەندنی شێوازی ژیانی کۆمەڵگەدا هەیە
- هەندێک لە زانایانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان لەڕووی تیۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە؛ ڕەوکردنیش وەک دیاردەیەکی دانیشتوان دەبەستنەوە بە گەشەکردنی کۆمەڵگەوە، لەم پێناوەدا باسی (٥) قۆناغی مێژوویی گۆڕانی کۆمەڵ دەکەن بۆ ڕاڤەکردنی ڕەوکردن:-

١- قۆناغی کۆمەڵگەی نەریتی:

- کە تیایدا ڕەوکردن زۆر کەم و دیاریکراوە، خێزانەکان بەهێزێکی خوشەویستی و سۆزداری بە ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکەیانەوە بەستراونەتەوە؛ بەشێوەیەک هەر دوورکەوتنەوەیەک بەجۆرێک لە کارەسات دادەنێت، ئەگەر لە ئەنجامی شەڕ و داگیرکردن و بە زۆر دەرپەڕاندن نەبێت،زۆر بە زەحمەتی مرۆڤەکان لە ژینگە سروشتییەکان دوور دەکەونەوە.

٢- قۆناغی پەرینەوەی کۆمەڵگە:

- هەموو کۆمەڵگاکان بەم قۆناغەدا تێدەپەڕن، جۆرێک لە فشار دەخەنە سەر ئەو ناوەندەی تێدا دەژین بەهۆی تێرنەبوونی پێویستییەکانیان، خەسڵەتەکانی ئەم قۆناغە بریتیین لە گەشەکردنی خێرای خۆراک و تەقینەوەی دانیشتوان لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی لە دایکبوون، بۆیە ڕەوکردن و دەرپەڕاندنی دانیشتوان و نەگەڕانەوەیان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوو دەگاتە لوتکە.

٣- قۆناغی کۆتایی پەڕینەوەی کۆمەڵگە و هێوربونەوە:

- تیایدا تاکەکانی کۆمەڵگا لە ژینگەیەکی ئارامدا دەژین و بەشێکی زۆری پێویستی و داواکارییەکانیان هاتۆتە دی، بۆیە ئاستەکانی ڕەوکردن و بەجێهێشتنی ئەم کۆمەڵگایانە دادەبەزێ جگە لەماوەکانی جەنگە ناوخۆییەکان.

٤- قۆناغی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو:

- بە هۆی دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتیەکانی ژیان و پێویستیەکانی مرۆڤەوە،لەلایەکیتر بەهۆی ڕێکخستنی خێزان و کەم کردنەوەی لە دایک بوون، چۆنایەتی ڕەوکردن لەم کۆمەڵگایانەدا دەگۆڕێت، لە ئەنجامی برسیەتی و هەڕەشەکانی ژینگە و دەوروبەردا نیە،بەڵکو خواستێکیتر لە پشت ڕەوکردنەوەیە، نەک هەر لەم قۆناغەدا ڕەوکردن دادەبەزێت، بەڵکو بە فۆرمە کۆنەکەی تا ئاستی نەمان کەم دەبێتەوە.

٥- قۆناغی ئایندەی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران:

- تیایدا ڕەوکردن وەکو سیما و خەسڵەتێکی کۆمەڵگە ئارەزوومەندانەیە، یان بۆ دروستکردن و بونیادنانی کۆمەڵگا و ژینگەیەکی خۆشترە لە شوێنێکیتردا کە هۆکارە سروشتییەکان لە بارن بەڵام دەستی مرۆڤی پێ نەکەتووە.

# تیۆرەکانی گەشەی دانیشتوان:-

۱- تیۆری سروشتی:

- ئەم تیۆرە پشت بەو بۆچوونە دەبەستێ کە سروشتی مرۆڤ خۆی لەگەڵ سروشتی ئەو جیهانەی تیایدا دەژین دەستێوەردان دەکات لەسەرگەشەی دانیشتوان بە ڕێژەی دیاریکراو و بەو ئاڕاستەی کە کۆنترۆل نەکرێ.
- لەوانە تیۆری (هێربیرت سبنسەر Herbert Spenser) کە دەڵێ خۆراکی باش توانای زاوزێ زیاد دەکات، مادام خۆراك دەست دەکەوێت ژیانی تاکەکان خۆشگوزەران و ئاسانە، ئەم خۆشگوزەرانییە دەبێتەهۆی زیادبوونی دانیشتوان، بەڵام ئەگەر دانیشتوان گەیشتە ئاستێکی بەرزی خۆشگوزەرانی ڕێژەی پیتداری ئافرەت دادەبەزێ.
- چونکە لە کۆمەڵگادا چینە پایە نزمەکان ئاسی پیتداریان بەرزترە لە چینەکانی پایە بەرزی کۆمەڵگا، لەبەرئەوەی ئەو چالاکییانەی کە ئافرەت بۆ خزمەتکردنی خۆی و ڕاگرتنی تەندروستی خۆی ڕێژەی توانای زاوزێ کەم دەکاتەوە، واتا هەموو بەشەکانی چالاکی بۆ پیتداری و زاوزێ تەرخان ناکات، بەڵکو جوانی و تەندروستی و پارستنی ژیانی خۆشی پێشترە لە ئارەزووو لە منداڵی زۆر و بەخێوکردنی.

## ٢- تیۆره كۆمەڵایەتییەكان:

- گەشەی دانیشتوان پەیوەستە بە بارودۆخی كۆمەڵایەتی كە خەڵك تیایدا دەژی
- (ئەلیكسەندەر كارسەندەرس Alexader-Carrsaunders) دەڵێ مرۆڤ هەردەم دەیەوێ بگاتە ژمارەی باشتر، كە ئەمەش گەورەترین ژمارەی دانیشتوانە كە لە كۆمەڵگایەكی خۆشگوزەران بژیت، كە سامانە سروشتییەكانی ژینگە بەشێوەیەكی باش بەكار بێنی بۆ زۆركردنی بەرخهەم و خۆشگوزەرانی كۆمەڵگا، بەبۆچوونی ئەم زانایە زۆربوونی دانیشتوان پەیوەستە بە توانا و ئارەزووی مرۆڤ
- ئەگەر توانی سامانی سروشتی بەشێوەیەكی باش بەكاربێنێ، كۆمەڵگا بەرەو خۆشگوزەرانی دەچێت و ڕێژەی پێكهێنانی خێزان زۆر دەبێت و منداڵبوون زۆر دەبێت و گەشەی دانیشتوان ڕێژەی بەرز دەبێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی سوود لە سامانی سروشتی وەربگرێ، بەرهەمی خۆراک كەم دەبێت و هەژاری و برسێتی بڵاودەبێتەوە و، نەخۆشی و مردن زۆر دەبێت و گەشەی دانیشتوان دادەبەزێ بەرەو كەمبوون.

# قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان

- ئەوەی زیاتر باسی قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان دەکات تیۆری گۆڕانی دانیشتوانە، ئەم تیۆرە پشت بە بیرۆکەی قۆناغەکانی دانیشتوان بەست کە بەگوێرەی ئاستی گەشەی تەکنیکی کۆمەڵگا دەڕوات و، ئاماژەی بەچوار قۆناغی گەشەکردنی دانیشتوان کرد وەکو:-

قۆناغی یەکەم: لەم قۆناغە ڕێژەی لەدایکبوون بەرزە، بەرچاوکردنی هێزێکی پاشەڕۆژی شاراوەیە، لەگەڵ نەبوونی بەهاکانی هاندانی منداڵبوون بە پاساوی ئاینی و کۆمەلایەتی. لە هەمانکاتدا لەم قۆناغە ڕێژەی مردن بەرزبوو لە ئەنجامی خراپی ئاستی گوزەرانی ژیان و نەبوونی تەکنەلۆژیای پزیشکی پێشکەوتوو

- کەواتە زیادەی دانیشتوان بەرچاو نەبوو لەئەنجامی بەرزبوونی ڕێژەی لەدایکبوون و مردن، ئەم قۆناغە ماوەیەکی دوورودرێژی خایاند و کاریگەری لەسەر ژیانی هەزاران خەڵک هەبوو هەتا هاتنی شۆرشی پیشەسازی.

قۆناغی دووەم: ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی بەپیشەسازی بوون، دانیشتوان زیاد دەکات لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی کە دابینکردنی خۆراک و بەربەرەکانێی نەخۆشیەکان و پێداویستییەکانی داودەرمان بۆ نەخۆش لەخۆ دەگرێ

لەم قۆناغە ڕێژەی مردن کەم دەبێتەوە و ڕێژەی بەرزی لە دایکبوون هەروەکو خۆی دەمینێتەوە، سەرچاوەکان دەڵێن زۆربەی وولاتە هەژارەکان لە جیهان بەم قۆناغەدا دەڕۆن، کە ناسراوە بە قۆناغی گەشەی دانیشتوانی بەرز.

قۆناغی سێیەم: لەم قۆناغە ڕێژەی لەدایکبون بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە کەمبوون بوو. هاوکات بوو لەگەڵ جێگیربوونی ئارامی و ئاسایش لە ئابوری پیشەسازی کە بەشداری کرد لە کەمکردنەوەی تێکڕاکانی گەشەی دانیشتوان جارێکیتر

- ✓ لەم قۆناغە ڕێژەی لەدایکبوون کەم بۆوە، بەهۆی بەکارهێنانی تواناکان بۆ خزمەتکردنی منداڵ بۆ ئەوەی گوزەران و ژیانیان خۆش بێت تا تەمەنێکی دوور، جگە لەمەش؛ سنورردارکردنی منداڵ وای کرد کە خێزانەکان ئارەزوو لەخێزانی قەبارە بچوک بکەن، کارکردنی ئافرەتیش لە دەرەوەی ماڵ هۆکارێکیتر بوو بۆ ئارەزوونەبونی دایکەکان لەمنداڵی زۆر، بۆیە لەم قۆناغە ڕێژەی لەدایکبوون ومردن ڕوو لەکەم بوون بوون.

قۆناغی چوارەم: ئەم قۆناغە هاوکات بوو لە گەڵ ئابوری دوای پیشەسازی، یان لە سایەی شۆرشی زانیاری کە جیهانی پێشکەوتووی داگیر کرد. ڕێژەی لەدایکبوون لەم قۆناغە بەردەوام لە دابەزین بوو بەهۆی هۆکاری زۆر، لەوانە فراوانبوونی بواری کارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ و بەرزبوونەوەی خەرجی چاودێریکردنی منداڵ

- ✓ لەهەمانکاتدا ڕێژەی مردنیش لە کەمبوونەوە دابوو، تا وای لێهات گەشەی دانیشتوان گەیشتە خالی سفر، واتا وەستا. ئەمەش ئەمرۆ هەستی پێ دەکرێ لە ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و کەنەدا و یابان.